
ميشێل فوكۆ

# لەبارەی "ماركی دو ساد"ەوە
# ساد بۆچی دەینووسی؟

فازڵ مەحموود



# لەبارەی "مارکی دو ساد"ەوە

# ساد بۆچی دەینووسی؟

میشێل فوکۆ

## لە فەرەنسییەوە: فازڵ مەحموود

# لەبارەی "مارکی دو ساد"ەوە

# ساد بۆچی دەینووسی؟

میشێل فوکۆ

## لە فەرەنسییەوە: فازڵ مەحموود

ناونیشان: لەبارەی "مارکی دو ساد"ەوە
ساد بۆچی دەینووسی؟
نووسینی: میشێل فۆکۆ
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: فازڵ مەحموود
بابەت: گوتار
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، نیسانی ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
١٢٠ لاپەڕە

## بەشی یەکەم

من لێرەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پێداگری لەسەر دوا تێکستی ساد دەکەم. ئەوەی وا ناوی چیرۆکی "ژوستین"[1]ە، یان نەهامەتییەکانی فەزیلەت. کە زۆر بە فراوانی لە دە بەرگدا چاپ کرایەوە، واتە بەسەرهاتی ژوستین ئەوەی کە ساد بەسەرهاتی ژولیەتیشی دەخاتە سەر، یاخود خۆشگوزەرانییەکانی داوێنپیسی. ئەم دەقە لە ساڵی 1797دا بڵاو کرایەوە و پێم وایە جۆرێک لە هەڵسەنگاندێکی تەواو و کامڵی دروستبوونی فۆرمی هزر و خەیاڵی سادە. هەر بۆیە پتر دەمەوێت لەسەر ئەم دەقە بوەستم تاکوو دەقی تری وەک "*فەلسەفە لەنێو ژووری نووستن" دا*، یان "*سەت و بیست ڕۆژ لە سەدووم*"[2] یا خود ڕێبازی لیبێرتینیزم. دەمەوێت چەند وشەیەک وەک پێشەکییەک بۆ هەندێک شت کە ڕوون و ئاشکراشن بخەمە ڕوو. هەموو بەسەرهاتەکەی "چیرۆکی ژوستین"

[1] ناوی ڕۆمانێکی "ساد"

[2] ناوی دوو ڕۆمانی "ساد"

ڕێچکەکەی بەدوای بەسەرهاتی خوشکەکەی 'ژولیەت'دا دێت، هەموو ئەم دە بەرگە، بە تەواوەتی لەژێر نیشانەی هەقیقەتدا جێگۆڕکێی پێ کراوە. هەر لە یەکەم دێڕەکانەوە، ساد ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەو شتانەی کە دەیگێڕێتەوە هەندێک جاڕزی و ترس هەیە کە خۆی ئەزموونی کردووە. دەبێت ئەدیب لەپێناو وتنی هەقیقەتدا، خۆی بەپێی پێویست فەیلەسووف بێت. ئەو تاوان بەو شێوەیەی کە هەیە پیشان دەدات، بە هەمان شێوە کە لە واقیعدا وایە، واتە سەرکەوتنانە و بالایانە[3]. لە کۆتاییی بەرگی دەیەمدا بەسەر هەموو ئەو کینایە و ئاماژانە دەچمەوە کە ئەو هەقیقەت بە قسەکانی خۆی دەبەخشێت، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە کارەکتەری ڕۆمانەکەی کەسێکی ڕاستەقینەیە. لە بەشێک لە دوایین بەشەکاندا، کە یەکێکە لە ناوازەترین بەشەکان، یەکێک لە کارەکتەرەکان بۆچوونی خۆی لەمەڕ ئەمە دەردەبڕێت: «بەسەرهاتێکی وەها کە جێی بڕوا نییە، ئەگەر بهاتبا لە ڕۆمانێک باس کرابا بڕوات پێ نەدەکرد، بەڵام ئەمە ڕۆمان نییە، بەڵکو هەقیقەتە،

[3]Triumphant et sublime

هەر بۆیە دەبێت بڕوام پێ بکەیت». ڕێک لە کۆتاییشدا، لە دوا دێڕەکاندا، ساد باس لەوە دەکات کە هەموو کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، ژوستین و ژولیەت، مردوون، هەر بۆیە هیچ چیرۆکێکی تر لە سەرکێشییەکانیان لە بەردەستدا نییە، تەنانەت ئەوانەش کە ساد بە ئێمەی وتووە؛ گەر نووسەرێکی نوێ بانگەشەی ئەوەی هەبووایە کە پاشماوەی چیرۆکەکەی ژولیەت و ژوستین دەگێڕێتەوە، ئەوا ئەم نووسەرە لە ساختەچییەک زیاتر هیچ نەدەبوو و، لە درۆ زیاتر هیچی نەدەگێڕایەوە، ئینجا ژولیەت و ژوستین مردوون و ئەوان هەموو شتێکیان بۆ ساد گێڕاوەتەوە، بۆیە ساد تەنیا بە وردەکارییەکی زۆرەوە ئەو چیرۆکەی گێڕاوەتەوە کە چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی ئەوانە. داوای لێبوردن دەکەم کە پێداگری لەم شتە لاوەکییانە دەکەمەوە. ئەمە کاریگەریی ئەو نەریتەیە کە لە هەموو ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەیەمدا بوونی هەبووە. واتە بەستنەوەی چیرۆک خۆی بە جۆرێک لە هەقیقەت و پرەنسیپی ڕاستەقینەبوون. نووسەرانی سەدەی هەژدەیەم بە خواستێکی زۆرەوە کەڵکیان لەم شێوازە دیاریکراوانە وەرگرتووە بۆ بڕواپێدان بەم جۆرە لە هەقیقەت ـ ڕاستییە.

ساد هەندێک لەم شێوازە ڕەوانبێژییانەی وەرگرتووە کە بەکار هێنراوە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت: ئەوەی دەیگڕێمەوە، ئەوەی کە ئێستا گێڕامەوە، لە خەیاڵی خۆمەوە دەرم نەهێناوە؛ تەنیا ئەوەم نووسیوەتەوە کە پێشتر نووسراون، یان ئەو شتەی کە لە دەستنووسێک نووسراوە و من دۆزیومەتەوە، یاخود لە نامەیەکدا کە بۆیان ناردووم، یان کەسێک نهێنییەکی لا درکاندووم و من گوێم لێ گرتووە. ئەوە من نیم دەدوێم، ئەوی ترە، ئەوی ترە کە دەیخەمە سەر شانۆ. هەر بۆیە ئەوەی کە من دەیلێم تەنانەت دەرخستنی بوونی ئەم کەسەیە. شێوازێکی تر ئەو کاتەیە نووسەر خۆی دێتە نێو باسەکەوە، واتە نووسەر کە لە ساتێکی دیاریکراودا بە ناوی خۆیەوە دەدەوێت و بۆ نموونە دەڵێت: ڕەنگە ئەم شتە وا دەرکەوێت جێی بڕوا نەبێت، بەڵام ئێوە چیتان دەوێت؟.... شتی وا سەیروسەمەرە ئەگەر لەنێو ڕۆماندا بوایە زۆر جوان دەبوو، بەڵام لێرەدا وا نییە، چونکە من وا خەریکم هەقیقەت بە ئێوە دەڵێم.

ئەم جۆرە پرۆسە و شێوازە، ساختەکارییە، کە زۆر باوە لە سەدەی هەژدەیەم و دیدرۆ و ستێرن[4] بەکاریان هێناوە، بۆتان دەردەکەوێت کە ساد بە چ بەهرەیەک ئەویش بە چ بێپەرواییەک و ناشیبوونێک بەکاری هێناوە کە بە شێوەیەکی ڕەها دڵەڕاوکێ دروست دەکات. کاتێک لە ڕۆمانی ئالین و ڤالکۆر[5]، جارێکی تر نامەکان کۆپی دەکاتەوە، نامەیەک هەیە کە یەک بەرگی تەواو داگیر دەکات، ئەم نامەیە نزیکەی 350 پەڕە دەبێت، ئەم نامەیە ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا نووسەرەکەی نەیتوانیووە باسی بکات ـ من بەسەر وردەکارییەکانیدا دەڕۆم. ئەمە سەیروسەمەرەیەکی تەواوە! تەنانەت کاتێک ساد خۆیشی دێتە نێو باسەکە و لە خوارەوە تێبینییەک دەنووسێت، لە ناوەوەی 'ژوستین'دا دەیەوێت بڵێت: «ئەمە، ڕاستییە»، دەبێت بزانین ئەو سەبارەت بە چ شتێک ئەمە دەڵێت. کاتێک کەسایەتییەکی خەریکە تووشی شاگەشگە دەبێت لەسەر بەهای شاگەشەکە و شەیداییەکی

[4]Sterne

[5]*Aline et Valcour, ou le Roman philosophique* ئالین و ڤالکۆر یان ڕۆمانێکی فەلسەفیی، ڕۆمانێکی سادە کە لەسەر بنەمای نامەگۆڕینەوە نووسراوە و لە ساڵی 1973 دا چاپکراوە.

سێکسی کە تەنیا کوشتارێک دەتوانێت دنەی ئەم شتە بدات. لەوێدا ساد شتەکە بە شێوەیەک وەردەگرێت کە لە خوارەوەی پەڕەکە تێبینییەکی بچووک دەنووسێت: «لەمە، دڵنیاتان دەکەمەوە ڕاستە؛ بڕوام پێ بکەن ئەمە زۆرترین وەفادارییە!» هەموو ئەو شێوازانەی کە نووسەرانی سەدەی هەژدەیەم بە کاریان هێناوە وەک پرۆسەیەکی بڕواپێبەخشین لە دەقەکانی 'ساد'دا بە شێوەیەکی زیادە و دووبارە و وەک پنتە ئازاربەخشەکانی نووسین بوونیان هەیە و لە ڕاستیدا هیچ ئەرکێکی ڕاستەقینەیان بۆ هاتنە نێو ڕۆمان لە هەناوی دەرکەوتنی ڕاستییەکاندا نییە. هەر بۆیە، جارێکی تر دەیڵێمەوە کە ساد بە درێژاییی ڕۆمانەکانیدا بەردەوامە لەوەی بڵێت ئەوەی کە ئەو دەیەوێت بیگێڕێتەوە بریتییە لە هەقیقەت. بەڵام ئەم هەقیقەتە چییە؟ چونکە ئەگەر ئێمە بەدوای زنجیرەی ڕووداوەکاندا بچین، ئاشکرایە کە هیچ ڕاستییەک بۆ ساتێکیش لەمسی دەقەکەی ساد ناکات: هەزاران کوژراو، کوشتارەکان، خەڵکی، ژنان و پیاوان، کە بە درێژاییی ڕۆژ کچی گەنج و کوڕی گەنج بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن و پاش ئەوەی لە گەڵیاندا دەگەنە شەیداییەکی سێکسی ناکۆتای دووبارە، هەر دەست لە

کوشتاریان هەڵناگرن؛ کەسێک کە لە چاوتروکاندنێکدا لە ڕۆما بیست و چوار نەخۆشخانە و پانزە هەزار کەسی ئەوێ لەناو دەبات؛ کەسێک کە تەقینەوەیەکی بورکانی دروست دەکات؛ هەموو ئەم شتانە مەسەلەیەکی باو و ئاساییە لەنێو دەقی 'ساد'دا. ئینجا جارێکی تریش دێتە سەر ئەوەی بڵێت: «ئەوەی بۆتان دەگێڕمەوە، هەقیقەتە».

هەر بۆیە ئەم هەقیقەتە چییە؟ هەر بۆیە ئەم هەقیقەتە لەگەڵ هەقیقەت ـ ڕاستیی ڕۆماننووسانی سەدەی هەژدەیەمدا پێوانە ناکرێت، هەقیقەتێک کە کاتێک سەرەنجی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان دەدەین ناتوانین بە هیچ شێوەیەک ئەمە لە پای ئەدەب دابنێین. کەواتە ئەم هەقیقەتە چییە؟ ئەو هەقیقەتەی کە ساد باسی دەکات، جارێ پێم وایە هێشتا شتەکان سادەن، لە ڕاستیدا هەقیقەتی ئەو شتانە نییە کە دەیگێڕێتەوە، بەڵکوو هەقیقەتی بەڵگەهێنانەوەیەتی[6].

کێشەی ڕۆماننووسێکی سەدەی هەژدەیەم ئەوە بوو کە لە شێوەی ڕاستی و واقیع چیرۆکێک بخولقێنێت کە بتوانێت هەست ببزوێنێت، کێشەی ساد، بریتی بوو لە پیشاندانی

[6]raisonnements

هەقیقەت ـ پیشاندانی هەقیقەت هاوشێوەی فەیلەسووفێک، نەک پیشاندانی هەقیقەتێک کە تەنیا پەیوەست بێت بە بەدیهاتنی ئارەزوو.

واتە لە ڕۆمانی 'ژوستین'دا، ئەم شتە وەک دەرکەوتنی مومارسەی ئارەزوو دەکات، لەنێو مومارسەی هەژمووندا، لەنێو وەحشیگەری و کوشتندا، شتێک کە ئەم کارەکتەرانە دەیڵێن هەقیقەتە و، ڕێک لەم ساتەدا، لە شوێنێکدا کە ئەم شتانە دەکەن، یان پێش یان پاش ئەوە، هەمووی بۆ بەڵگەهێنانەوەیە لەسەر ئەوەی ئەم شتانە دەبێت ڕاست بن. بە واتایەکی تر، ئەوەی دەبێت ڕاست بێت، بریتییە لە بەڵگەهێنانەوە، ئەم شێوازە لە عەقڵانیەتە کە بە مومارەسەی ئارەزوو برەوی پێ دەدرێت یان پاڵپشتی لە مومارەسەی ئارەزوو دەکات. ئەو شتەیە کە ساد بە درێژاییی دەقەکەی بەردەوامە لەوەی پێمان بڵێت ئەمە خودی هەقیقەتە. هەر بۆیە پێم وایە دەبێت ڕاستەوخۆ بچینە سەر خستەڕووی ئەو گرفتەی کە ئایا پەیوەندی نێوان ئارەزوو و هەقیقەت لای ساد چییە.

ئەم پەیوەندییانەی هەقیقەت ـ ئارەزوو چون دەردەکەون، لەژێر چ فۆرمێک و لە چ ئاستێکدا؟ پێم وایە کە دەتوانین بە دوو شێواز شیکاری ئەمانە بکەین. لە دوو ئاستدا: یەکەمیان، لەنێو بوونی خودی کتێبدا؛ دووەم، لەنێو ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەهێنانەوانەی کە لەلایەن کەسایەتییەکانەوە دەخرێنە ڕوو.

ئەمە یەکەم پرسیارە کە ئەم ئێوارە هەوڵ دەدەم سەرقاڵی ببم: بوونی کتێب[7]. گرفتەکە سادەیە. ساد بۆچی دەینووسی؟ مومارەسەی نووسین بۆ ساد چ واتایەکی هەیە؟ بەپێی زانیارییە بیۆگرافییەکانییەوە دەزانین کە ئەو هەزاران پەڕەی نووسیووە، زۆرتر لەو نووسینانەی کە بۆ ئێمە هەڵگیراون، هەر بۆیە لە هەژمار نایەن؛ ئەو خۆی ژمارەیەکی بەرچاوی لەو نووسینانە لە ماوەی ئەو زیندان بوونە جیایانەیدا لە دەست دا، چونکە کاتێک ئەوانەی لەسەر کاغەز دەنووسی لێیان زەوت کرد. ئینجا کاتێک ڕۆمانی "سەت و بیست ڕۆژ لە سەدووم"ی لە زیندانی باستیل نووسی (پێم وایە ئەمەی لەنێوان 1788- 1789 تەواو

[7]l'existence du livre

کرد) دەستنووسەکانیان لە کاتی گرتنی زیندانی باستیلدا لێ زەوت کرد. ئەمە بووە هۆکاری ونبوونی ڕۆمانی سەت و بیست ڕۆژ.. بە خۆشحاڵییەوە ئەمە دۆزرایەوە، بەڵام پاش مردنی ساد؛ بەڵام ئەمە نەبووە هۆکاری ئەوەی ساد "فرمێسکی خوێنین" نەڕێژێت. ئەو فرمێسکی خوێنینی دەڕشت چونکە دەقەکەی لە دەست دابوو. ئەمانە هەموو ئەو پێداگرییەن کە ساد دەخەنە سەر نووسین، ئەو واقیعەی کاتێک فرمێسکی خوێنین دەڕێژێت کە دەقەکەی لە کیس چووە، ئینجا ئەوەش بڵێین هەر جارە و کە شتێکی بڵاو دەکردەوە (ئینجا نەک هەر جارە و، بەڵکوو زۆر جار کە ئەو دەقەکانی بڵاو دەکردەوە) دەخرایە زیندانەوە، ئەمە دەیسەلمێنێت کە ساد گرنگییەکی بەرچاوی بە نووسین داوە. لە ڕێگای نووسینیشەوە ئێمە نابێت بە تەنیا لە واقیعی نووسین تێ بگەین، بەڵکوو دەبێت لە واقیعی بڵاوکردنەوەی تێ بگەین، چونکە ئەو دەقەکانی بڵاو دەکردەوە و ئەگەر شانسێکی هەبووایە کە لە دەرەوەی زیندان بایە، ئەوا یەکسەر لەبەر هۆکاری ئەم بڵاوکردنەوەیە جارێکی تر دەخرایە زیندانەوە.

نووسین [پرسێکی] جیدی بوو لای ساد. بۆچی؟ پێم وایە لە یەکەم نیگاوە، گرنگی نووسین لەبەر ئەم هۆکارەیە کە: سەرەتا، خۆی ئەم شتەی زۆر جار لە ژوستین و ژولیەت باس کردووە، ئەو خوێنەرەکانی ناکاتە بەردەنگ لەپێناو ئەو چێژەی کە چیرۆکەکانی دەتوانێت لەواندا دروستی بکات، بەڵکوو لەپێناو ئەوەی ئەو باسەکانی نێو ڕۆمانەکانی ناخۆش و ئازاردەرە بۆ خوێنەرەکانی. ئەو دەڵێت: «ئێوە لە بیستنی ئەم چیرۆکە ترسناکانە چێژ وەرناگرن. فەزیلەت هەمیشە سزا دەدرێت، داوێنپیس هەمیشە پاداش وەردەگرێت، مناڵەکان کوشتار دەکرێن، کچ و کوڕە گەنجەکان پارچە پارچە دەکرێن، ژنانی دووگیان ملیان دەکرێتە پەتەوە، هەموو نەخۆشخانەکان دەسووتێنرێن، ئەم شتانەی وەک ساد باسی دەکات لە ڕاستیدا بیستنی دڵخۆشت ناکات. هەستیاریتان دەورووژێت، دڵتان چیتر پێی نامێنێت، بەڵام چیتان دەوێت، ئەوە هەستیاری و دڵی ئێوە نییە من دەیکەمە بەردەنگی خۆم، ئەمەیە بەڵگەی ئێوە هەر ئەمە و بەس. دەمەوێت هەقیقەتێکی بنەڕەتیتان پیشان بدەم، ئەویش ئەوەیە کە داوێنپیسی هەمیشە پاداش دەکرێت، فەزیلەت هەمیشە سزا دەدرێت». ئێستا پرسەکە دەخرێتە

ڕوو: کاتێک بەدوای ڕۆمانەکانی 'ساد'دا دەچین، هەست دەکەین هیچ لۆژیکێک بۆ پاداشت کردنی داوێنپسی و سزادانی فەزیلەت بوونی نییە. لە ڕاستیدا، هەر جارە و ژوستین، کە کەسێکی بە فەزیلەتە، سزا دەدرێت، ئەم سزایە بۆ ئەوە نەبووە کە ژوستین لە بەڵگەهێنانەوەدا تووشی هەڵەیەک هاتووە، بەڵکوو شتێکی وەهای پێشبینی نەکردووە و، خۆی سەبارەت بەم واقیعە نابینا کردووە. لە ڕاستیدا، ژوستین هەمیشە بە تەواوەتی هەڵسەنگاندنی بۆ شتەکان کردووە، بەڵام بەردەوام نەهامەتییەکی ترسناک ڕوو دەدات، بە شێوەی هاکەزایی و سوتفە سزا دەدرێت. ژوستین کەسێک ڕزگار دەکات، لەو ساتەشدا کە ژوستین ئەو ڕزگار دەکات کەسێک بەوێدا تێدەپەڕێت کە کەسێک دەکوژێت کە ئەم کەمێک پێش ئێستا ژیانی ڕزگار کردووە، پاشان ئەو ژوستین دەبات بۆ حەشارگەیەکی تاونباران یان بۆ لای ئەو کەسانەی پارە ساختە دەکەن[8] و هتد. بەردەوام

[8]le faux-monnayeurs

سوتفەیەک ڕوو دەدات، هەرگیز بەرئەنجامێکی لۆژیکی کردەوەکان نییە کە سزا دیاری دەکات.

له لایەکەی تر، لە ژولیەتدا، یاخود *خۆشگوزەرانییەکانی داوێنپیسی*، هەمان شتە: ژولیەتی باش، ترسناکترین تاوانەکان ئەنجام دەدات. دواجار ئەو تووشی دەبێت بە تووشی کەسێکەوە کە زۆر تاوانبارتر لە خۆی دیارە، چەتەیەکی ترسناکی ئیتالییە بە ناوی قۆڵ ئاسنین[9]. لانی کەم ئیتالییەکان دەتوانن خۆیان بە قۆڵ ئاسنین ناو ببەن! ژوستین حوکمی مردنی دراوە، بەڵام چی دەتوانێت ڕزگاری بکات لە مردن؟ دروستی هەڵسەنگاندنەکانی؟ زەینی؟ زیرەکییەکەی؟ هیچ کامیان: زۆر بەسادەیی، ئەو ڕاستییەی کە قۆڵ ئاسنین بە جارێک هەم برا و هەم مێردی هاوڕێ باشەکەیەتی بە ناوی کلێرڤیل کە پێشتر یەکیان دەناسی؛ لە ئەنجامدا هەموو شتێک ڕێک دەکەوێت و ژولیەت حوکم نادرێت. ئەو واقیعەی کە لەشفرۆش لەم دۆخەدا سەرکەوتوو بووە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ئەنجامێکی لۆژیکی هەڵسوکەوتییەوە نییە، بەڵکوو ڕێک

---

[9]Bras-de-Fer

پەیوەستە بە ڕێککەوت و شانسەوە. کەواتە ئەمە ساد خۆیەتی کە ئەم سیستمی تێهەڵچوونە ڕێک دەخات. ئەو ئەمانەی بە شێوەیەک ڕێک خستووە کە لە چیرۆکەکەیدا ئەوە هەمیشە داوێنپیسییە کە پاداشت وەردەگرێت و فەزیلەتە کە سزا دەدرێت. بەڵام ئەگەر ڕووداوەکان بە شێوازێکی تریش ڕێک بخرێن ڕەنگە هەمان ئەنجامی هەبێت. بەڵام ئەمە بە تەنیا عەقڵانیەتی داوێنپسی یان فەزیلەت نییە کە جێی پرسیار بێت، هەر بۆیە ئەو کاتەی ساد پێمان دەڵێت: «من نەک دڵی ئێوە، بەڵکوو عەقڵتان دەکەمە بەردەنگی خۆم»، بێگومان ساد وامان لێ دەکات کە بڕۆین و لە ڕاستیدا شتەکان زۆر بە جیدی وەرنەگرین.

هەر بۆیە ساد دەیەوێت چی بڵێت کاتێک بانگەشەی بەڵگەهێنانەوەیەکی[10] بەم شێوەیە دەکات، کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات عەقڵی ئێمە دەکاتە بەردەنگی خۆی، لە کاتێکدا تەواوی چوارچێوەی چیرۆکەکە شتێکی تر دەکاتە بەردەنگی خۆی؟ بڕوام وایە بۆ تێگەیشتن لە هەر ئەرکێکی نووسین لای ساد دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەم دەقە. پێم

[10]démonstration

وایە ئەم تاقە دەقە، واتە ژوستین و ژولیەت تاقە دەقە کە تایبەتە بە چالاکی نووسین. ئەمە ژولیەت خۆیەتی، کە کارەکتەرێک دەکاتە بەردەنگی خۆی، یەکێک لە هاوڕێ ژنەکانی، کە ئەویش لادانێکی زۆری هەیە، بەڵام هێشتا بەپێی پێویست تووشی لادان نەهاتووە. واتە پێدانی دوا وانەی فێرکاری پێی، سەرکەوتن بە دوا پلیکانەی لادان. هەر بۆیە ژولیەت بەم شێوەیە ئامۆژگاریی ئەو دەکات[11]:

بۆ ماوەی پانزە ڕۆژی بێ هیچ هەوەسی شەهوەت بەتاڵکردنەوەیەک بمێننەوە. ئەم پانزە ڕۆژە خۆتان بە شتێکی ترەوە سەرقاڵ بکەن و چێژ لە شتی تر وەربگرن، مەهێڵن هیچ ئایدیایەکی لیبێرتینپزمیتان بۆ بێت. لەم ساتانەدا، لەنێو تاریکییەکی زۆر قووڵدا خۆتان بە تەنیا بخەون، لەنێو بێدەنگی و ئارامیدا. هەموو ئەو شتانە بە بیر بهێننەوە کە لەم مەودایەدا لە خۆتان قەدەغە کردبوو. ئنجا ئازادیی ئەوە بە خەیاڵی خۆتان ببەخشەن کە بەپێی قۆناغ جۆرەکانی شەهوەت بەتاڵکردنەوەتان پێشکەش بکات.

---

[11] marquis de sade, oeuvrescompletes, Paris, Jean-Pauvert, 1947-1972, vol.4, p.56-57

هەموو ئەمانە بە وردەکاریی تەواوە هەڵسەنگێنن. بەرەبەرە بە سەریاندا تێپەڕن. قەناعەت بە خۆتان بهێنن کە هەموو **زەوی** هی ئێوەیە، کە ئێوە مافی ئەوەتان هەیە بیگۆڕن، پارچەپارچەی بکەن، لە ناوی بەرن، هەموو ئەو کەسانەی کە ئێوە بە باشی دەزانن بیگۆڕن. ئێوە لە هیچ ناترسن. ئەوانە هەڵبژێرن کە چێژت پێ دەدەن، بێ هیچ ئاوارتەیەک، بێ هیچ سڕینەوەیەک. هیچ ڕێزێک بۆ هیچ شتێک دامەنێن. لێمەگەڕێن هیچ پەیوەندییەک ئێوە کەمەندکێشی خۆی بکات، لێنەگەڕێن هیچ سنوورێک ببێتە بەربەستتان. هەموو بەهایەکی ئەزموونکردن بخەنە ئەستۆی خەیاڵەکانتان و بە تایبەت هیچ پەلەیەک لە جموجۆڵی خۆتان مەکەن. با دەستتان لەژێر فرمانی سەرتاندا بێت نەک میزاجتان. بێ ئەوەی ئاگاتان لێ بێت، ئەو تابلۆ جیاوازانەی کە ئێوە لە پێش چاوی خۆتاندا نەخشاندووتانە بە پێشتاندا تێدەپەڕێت، یەکێکیان دێت کە وزەیەکی زیاتر بە ئێوە دەدات تاکوو کەسانی تر و هێزێکی وەهای هەیە کە ئێوە ناتوانن ڕەتی بکەنەوە یان جێگۆڕکێی پێ بکەن. ئەم ئایدیایە لە ڕێگای ئەو شێوازانە بەکار دێت کە من ئاماژەم پێدا و هەژموونی بەسەر ئێوەدا زاڵ دەبێت و ئێوە داگیر دەکات. وڕێنە بیر و

هۆشی ئێوە داگیر دەکات، بڕوا بەم بەرهەمەی خۆتان دێنن و وەک ماسالینا[12] خۆتان بەتاڵ دەکەنەوە. هەر کە ئەمە ڕووی دا، جارێکی تر مۆمەکانت داگیرسێنە و لەسەر مێزەکەی خۆت ئەو ڕابواردانانە بنووسەوە کە گڕیان لە تۆ بەرداوە، بێ ئەوەی هیچکام لەو بارودۆخانە فەرامۆش بکەن کە وا دەکات وردەکارییەکان زیاتر بکات. لەسەر ئەوانە بخەوە. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر تێبینی و یاداشتەکانی خۆت بخوێنەوە، دەست بە ئۆپەراسیۆنەکەت بکەوە، هەموو ئەو وێنا ماندووکەرانە بۆ ئەو ئایدیانەی کە بە قورسی بە سەرتدا کەوتووەتەوە زیاد بکە، ڕەنگە ئەمە بتوانێت وروژاندنی تۆ زیاتر بکات. ئێستا جەستە بەم ئایدیایە ئامادە بکەن و سەرلەنوێ هەموو ئەو بەشانەی بۆ زیاد بکەن کە خەیاڵت داوات لێ دەکات. دەست پێ بکەن و ئەزموونی ئەوە دەکەن کە ئەم لادانە زیاتر گونجاوە لەگەڵ ئێوە».

---

[12] Valeria Messalina ژنی سێیەمی کلۆدیۆس ئیمپراتۆری ڕۆمایە، کە دەسەڵاتێکی بەهێزی شاراوەی هەبووە لەنێو ئیمپراتۆری و هەروەها بە شێوازی سێکسکردنی توندوتیژانە و سەیروسەمەرە بەناوبانگە.

کەواتە ئەمە ئەو دەقە کە بەڕوونی بەکارهێنانی نووسینمان پێشکەش دەکات. دەبینین کە ئەمە بەکارهێنانێکی زۆر ڕوونی نووسینە. واتە ئەمە بە شێوەیەکی باو پرۆسەی دەستپەڕلێدانە. لەو ئازادییە تەواوە کە دراوە بە خەیاڵ دەست پێ دەکەین. دەگەینە یەکەم شەیدایی، دەنووسین، دەنووسین، خەومان لێ دەکەوێت و دواتر دەیخوێنینەوە، ئیشێکی نوێی خەیاڵ، ئامادەکردنێکی نوێ لەلایەن نووسینەوە، پاشان بەو شێوەیەی کە ساد دەیڵێت واتە هاوشێوەی شێوازی چۆنیەتی چێشت لێنانێک: «پاشان ئەوە بکەن...»، سەبارەت بەم دەقە پێم وایە من دەبێت ئاماژە بۆ سێ شت بکەم. سەرەتا، دەبینن کە لێرەدا نووسین دوورە لە کەرەستەی پەیوەندییەکی عەقڵانی کە ساد لە شوێنێکی تردا باسی بۆ ئێمە کردووە (کاتێک پێمان دەڵێت: «من بۆ ئەوە نانووسم تاکوو لەگەڵ هەستەکانی ئێوە یا خەیاڵی و دڵی ئێوە بدوێم، بەڵکوو زۆر بەسادەیی لەگەڵ زەینی ئێوە دەدوێم و بۆ قەناعەت پێکردنتانە»)، دەبینین کە نووسین نەک وەک کەرەستەیەکی عەقڵانی جیهانی، بەڵکوو وەک کەرەستەیەکی پەتی و سادە و یارمەتیدەر، کە یارمەتی دروستکردنی دیمەنی فەنتازی لای تاک دەدات،

دەردەکەویت. ئەمە شێوازێکە بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەک لە خەیاڵی ئێرۆتیکی لەگەڵ کردەی سێکسیدا. لە دەقەکەیشدا بەباشی ئەوە وتراوە کە ئەمە ڕێسایەکی تاکەکەسییە چونکە دەبێت بگەن بەو لادانەی کە گونجاو بێت لەگەڵ ئێوەدا. کەواتە نووسین لەنێو پێکهاتەی دیمەنی فەنتازیدا، لەنێو پێکهاتەی کردەی سێکسیدا، قۆناغێکی پەتی و سادەیە، لە خەونەوە بەرەو جێبەجێکردن.

دووەم شت کە دەکرێت ئاماژەی پێی بدەم ئەوەیە کە بە ئەگەری زۆرەوە ئەم ڕێسای نووسینی دیمەنی فەنتازییە، واتە لەم نووسینە تەواو ئێرۆتیکییە، هەر ساد خۆی ئەزموونی ئەم شتەی کردووە و بەپێی ئەم ئەگەرەش ئەو ڕۆمانەکانی نووسیووە. ئەو شتەی وا ژولیەت باسی کرد بە ئەگەری زۆر هەمان ئەو شتەیە کە ساد لە ماوەی چڵ ساڵ زیندانی بوونیدا کردوویەتی، واتە ئەو شتەی کە هەموو بەیانی و ئێوارەیەک کردوویەتی، ئاشکرایە کە بۆ بەدیهاتنی ئەم شتە: ئەو نووسینەی کە ئەو لێرە وەسفی دەکات، نووسینی تایبەت بە کتێبەکانیەتی، نووسینی شێتانەی تەنیاییەکانیەتی.

سێیەم شت کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، ئەو ڕۆڵی نووسینە کە وەسفی دەکات و ئێمە لێرە دەبینین ڕۆڵێکە گوازراوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر وەفادارانە لەنێو دەقێکدا کۆپی کراوەتەوە کە دەقێکی گشتییە و قەدەغە نییە کە خۆی ناوی لێ دەنێت ***"ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان"***[13]. لەم دەقەدا، (لێرەدا بە جارێک ئیعتیبار دەبەخشێت بەم دەقە و هەروەها کردەی نووسینی خۆی)، دەڵێت کە ڕۆماننوس دەبێت ئەم شێوازانەی خوارەوە بەکار بهێنێت: سەرەتا، ڕۆماننووسی باش دەبێت خۆی لەنێو سروشتدا نغرۆ بکات وەک چۆن کەسێک کە شەیدای دایکی خۆیەتی و لەنێو جەستەی دایکیدا خۆی نغرۆ دەکات، هەر بۆیە ڕۆماننووس کە کوڕی سروشتە لەگەڵیدا زینای مەحرەمی کردووە، خۆی تەسلیمی دایکی ـ سروشت دەکات وەک چۆن دەبینین لێرەدا کەسایەتییەکە خۆی تەسلیمی خەیاڵی خۆی دەکات. پاشان، ڕۆماننووس بە جارێک خۆی فڕێ دەداتە نێو باوەش و مەمکی سروشت، دەنووسێت و دەڵێت ئەمە ئەو باوەش و مەمکە نێوەکراوەیەیە کە پێشنیاری بۆ کرابوو.

---

[13]les idée sur le roman

لێرەدا دەبینین کە وێنەی سێکسی جارێکی تر ئاشکرا دەبێت. لەو ساتەدا ساد دەڵێت، بە نیمچەکردنەوەی ئەم مەمکە، ڕۆماننووس نابێت بوەستێت، یان بە بەربەستێک خۆی سنووردار بکات، ئینجا ساد بە ئاماژە بۆ خۆی دەڵێت: «ئەو کاتەی درزی ئەم سنووردارییە دەبێتە چێژێک کە بۆ ئێمەی ئامادە کردووە، بۆیە بەئاسانی مافی خۆت بۆ پێشلێکردنی هەموو حیکایەتەکانی مێژوو بەکار بهێنە». هەر بۆیە، سروشت کۆمەڵێک هەقیقەت و چیرۆک پێشکەش دەکات. سروشت کۆمەڵێک ڕەگەز پێشکەش دەکات، دایکێک کە چێژ بە منداڵەکەی دەدات، بەڵام ڕۆماننووس دەبێت بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەم ڕەگەزانە بگۆڕێت، دەبێت تووشی لادانیان بکات، دەبێت مامۆستای ڕەهای ئەوانە بێت، ڕێک هاوشێوەی ئەو وەسفە کە کەمێک پێش ئێستا بۆ ئێوەم خوێندەوە، واتە لەسەر بنەمای ئەم خەیاڵە گشتی و دایکێتی و سێکس لەگەڵ مەحرەمەدایە کە خاڵی دەستپێک بۆ ئەو دیاری دەکەن؛ کەسی لیبێرتین بە گۆڕانکاری لە وێنەکان و زیادکردنیان مومارەسەی خەیاڵی خۆی دەکات. ئینجا دەقی ***ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان*** دەڵێت ئێوە دەگەنە پلانێک، پلانێک کە بە جارێک دێتە سەر کاغەز، کە بە پەرۆشەوە

لەسەری ئیش دەکەن، بەڵام بێ دیاریکردنی سنوورێک کە وا دەردەکەوێت بۆ ئێوەی دەستنیشان کردووە، زیاتر بڕۆن پلانەکانی خۆتان بگۆڕن، ئەوانە زیاتر بکەن. دەبینین کە لەم بڕگەیەی ***ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان***، هاوئاستی ئەو شتەی کە لێرە لەنێو دیمەنی فەنتازیای سێکسیدا ڕوو دەدات، واتە لێرە بە جارێک پلانێک خراوەتە ڕوو، دیسان ئیشی لەسەر کراوە، واتە لەسەر ئەم نووسینە خەیاڵ کراوە، وەک بەیانییەکی ڕۆژی دواتری دیمەنێکی فەنتازی کە جارێک تر ئەو دەقە دەگرینەوە دەست کە نووسیوومانە، دیسان دەیخوێنینەوە و دەینووسینەوە و لەگەڵ هەموو ئەو وردەکارییانەی کە خەیاڵ پێشکەشی کردووین. دەقی ***ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان*** بەم شێوەیە کۆتایی دێت: «تەنیا یەک داواکاریم لە تۆ هەیە، ئەویش پشتگیریکردنی بەرژوەندییەکانە تا دوا پەڕە».

لە پەڕەی کۆتاییدا، بە هەمان شێوە کە دەیبینن، واقیع ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە بۆم باس کردن. بە واتایەکی تر، دووەم وەسفی نووسین، وەسفی نووسینی دیمەنی فەنتازی کە لێرەدا بەدیمان کرد هاوشان لەگەڵ ئەو ئامۆژگارییانەی

نووسین کە ساد لە کتێبی ***ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان*** خستوویەتییە ڕوو بە تەواوەتی دەقاودەق و هاوخشتن[14]. پرۆسەکان هاوشێوەی یەکن، تەنیا دوو ڕەگەزی جیاواز هەن کە بەم شێوەیەن: سەرەتا، ئەوەی لەنێو دیمەنی فەنتازیی ژولیەتدا هەیە، بریتییە لە ئازادی خەیاڵکردن؛ لەنێو "***ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان***"***یشدا*** بریتییە لە سروشت. دووەم ڕەگەز کە لە کۆتاییدا لەنێو حاڵەتی دیمەنە فەنتازییەکانی ژولیەت گۆڕانی بەسەردا دێت بریتییە لە واقیع (ساد دەڵێت: «پاشان ئەوە بکەن»)؛ لەنێو "***ئایدیاکان سەبارەت بە ڕۆمان***"***دا*** بەم شێوەیەیە کە دەتوانین تا دوا پەڕە سەرکەوتوو بین. بەڵام جگە لەم دوو گۆڕانە، کە دەبێت بگەڕێینەوە سەری، هەر دوو پرۆسەکە هاوتا و یەکسانن، ئەو شێوازەی کە ساد دەیڵێت دەبێت بەو شێوەیە ڕۆمان بنووسرێت، ئەو شێوازەش کە بە ئەگەری زۆرەوە خۆی ڕۆمانەکانی پێ نووسیووە، کۆکە لەگەڵ ئەو شێوازە نووسینەی خۆی کە بۆ مەبەستی دیمەنی فەنتازیای سێکسی بەکاری هێنابوو و پێداگری لەسەر کردبوو. هەر

[14] symétriques

بۆیە پێم وایە هیچ وەهمێک لە ئارادا نییە؛ ئاشکرایە کە نووسین لای ساد هەرگیز ئەو شتە نییە کە ئەو لە ڕۆمانەکانی خۆیدا بانگەشەی بۆ دەکات، شتێکی لۆژیکیش نییە کە ئەو لە ڕێگای عەقڵ و بەڵگە، عەقڵی خوێنەرانی بکاتە بەردەنگ، واتە ئەمە مەسەلەیەکی ترە. نووسین لای ساد، دیمەنێکی فەنتازی سێکسییە، لەسەر بنەمای ئەم شتەشە کە ئێمە جارێکی تر بەر ئەم پرسیارە دەکەوینەوە: بەڵام ئەمە دەتوانێت چ پەیوەندییەکی لەگەڵ هەقیقەتدا هەبێت؟ ئەگەر کەسێک تەنیا دیمەنێکی فەنتازی سێکسی سادە و پەتی بباتە سەر کاغەز چۆن دەتوانێت بانگەشەی وتنی هەقیقەتی هەبێت؟ ئایا ساد فریومان نادات، ئایا کاتێک یاری لەگەڵ نووسینی خۆیدا دەکات بە هەمان شێوە کە یاری بە خەیاڵی خۆی دەکات یان پتر یاریکردن بە نووسینی خۆی لەپێناو باشترکردنی یاریکردن بە خەیاڵی خۆی، هەر بەسادەیی و ئاسانی فریومان نادات، ئینجا بوێری و مەعریفەی ئەوەی هەبێت بە ئێمە بڵێت هەقیقەتتان بۆ باس دەکەم؟

پێم وایە ئەو دەقەی کە بۆ ئێوە خوێندمەوە دەبێت بە شێوازێکی زۆر وردتر شیکاری بۆ بکرێت. ئایا لەم دەقەدا نووسین بە چ شێوازێک ڕۆڵ دەگێڕێت و ئیش دەکات؟

سەرەتا، نووسین وەک ڕەگەزێکی نێوەندگیری نێوان خەیاڵ و واقیع ڕۆڵ دەبینێت. ساد، یان هەر کەسایەتییەکی کە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین، هەر لە سەرەتاوە دیوێکی گشتی لە دونیایەکی خەیاڵی دەدات بە دەستەوە: دەبێت گۆڕان بەسەر ئەم جیهانە خەیاڵییەدا بهێنین، سنوورەکانی تێپەڕینین، سنوورەکانی تێک بشکێنین، تەنانەت لەو دیو هەموو ئەو شتانەش کە وا بزانرێت وێنای کراوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە ئەو چەندین جار دەینووسێتەوە؛ ئەمە تەنیا جارێکە کە ئەو لە بەری نووسیوەتەوە، تەنیا یەک جار کە ئەو گەیشتووەتە ئەو واقیعەی کە ئێمە گەیشتوونەتە ئەم ڕستە بەناوبانگە: «پاشان ئەوە بکەن»، وەک ئەوەی زۆر ئاسان بێت خەونمان بەوە دیبێت کە دە هەزار مناڵ کۆمەڵکوژ کراوە و، بە سەتان نەخۆشخانە سووتێنراوە و ئێمە وەک بورکانێک تەقیوینەتەوە و هتد.

بۆیە نووسین ئەو پرۆسەیە یان ئەو ساتەیە کە ئێمە بەرەو واقیع دەچین، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە واقیع دەگەیەنێتە دوا سنوورەکانی نابوون[15]. نووسین ئەو شتەیە کە خەیاڵ فراوان دەکات، یارمەتی دەدات پەرەبستێنێت، تێپەڕین لە سنوورەکانی دەستەبەر دەکات و واقیع لەو شتەدا کورت دەکاتەوە کە لێرە لە دەقەکەدا بەم شێوەیە «پاشان ئەوە بکەن» ئاماژەی بۆ کراوە. نووسین ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی پرەنسیپی واقیع تا ئەو شوێنەی کە دەکرێت لە سنوورەکانی خەیاڵ بکاتە دەرەوە؛ یاخود نووسین بە گوشاری دوورخستنەوە، هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکات کەوتووەتە ئەو دیو خەیاڵێک کە لەو ساتەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە، نووسین ئەو شتەیە وا دەکات خەیاڵ ئیش بکات و هەلێک بخاتە بەردەم ساتی واقیع و دواجار خۆی بکات بە جێگرەوەی پرەنسیپی واقیع[16]. بە یارمەتی نووسین، ڕەنگە خەیاڵ هەرگیز نەیتوانیبایە ئەو هەنگاوەی کە بۆ واقیع بە تەواوەتی نەکردەیە، بهاوێژێت. نووسین هێندە واقیع دوور دەخاتەوە و ڕەتی دەکاتەوە کە

---

[15]l'inexistence

[16]le principe de réalité

زۆر ناواقیعی تر بێت لە خودی خەیاڵ خۆی؛ نووسین ئەوەیە جێگەی پرەنسیپی واقیع دەگرێتەوە و خەیاڵ لە نەگەیشتنی بە واقیع ڕزگار دەکات.

کەواتە یەکەم ئەرکی نووسین بریتییە لە سڕینەوەی سنووری نێوان واقیع و خەیاڵ. نووسین بریتییە لە کردنە دەرەوەی واقیع، هەر بۆیە لەبەرئەنجامدا ئەو شتەیە سنوورەکان لا دەبات و هەموو سنوور و بەربەستەکانی خەیاڵ خۆی دەسڕێتەوە. پاش ئەمە بە یارمەتیی نووسین، لێرەدا با وشەکانی فرۆید بەکار ببەین، جیهانێک کە بە تەواوەتی لەسەر بنەمای پرەنسیپی چێژ[17] بەڕێوە دەبرێت و، چیتر هەرگیز بەر پرەنسیپی واقیع ناکەوێت. دووەم جار ئەگەر بێت و هەر بگەڕێینەوە سەر ئەم دەقە، تێبینی دەکەین کە ئەم نووسینە ڕێک دەکەوێتە نێوان دوو ساتی چێژی سێکسییەوە. لە ڕاستیدا بە باشی ئەوە وتراوە کە جووڵەی خەیاڵ بە شێوەیەکی لێزانانە بەرەو یەکەم چێژی سێکسی بڕوات و ڕێک پاش ئەم چێژە سێکسییەیە کە ئێمە

[17] le principe de plaisirنابێت پرەنسیپی چێژ لەگەڵ هەستی چێژ بە یەک شت بزانین. پرەنسیپی چێژ بەو واتایە دێت مرۆڤ لە هەوڵی دوورخستنەوەی ئازارە لە خۆی و تەنیا لەم ڕوانگەیەوە لە چێژ دەڕوانێت. وەرگێڕ

دەنووسین؛ پاشان ئێمە عاقڵانە خەومان لێ دەکەوێت و بەیانییەکەی ڕۆژی دواتر، دیسان دەست دەکەینەوە بە خوێندنەوە و، ساد بە ئێمە دەڵێت، هەموو شتێک دەشێت دەست پێ بکاتەوە، نووسین لەنێو چەقی دیمەنی فەنتازی سێکسیدا ڕۆڵی پرەنسیپی دووبارەکردنەوە[18] دەگێڕێت، واتە بە یارمەتیی ئەم نووسینەیە، بە یارمەتیی نووسینی ئەم شتەیە، سەرەتا دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو شتانەی خەونمان پێوە دیوە و دەتوانین ئەمە لەنێو خەیاڵدا دووبارە بکەینەوە و، بە دووبارەکردنەوەی لەنیو خەیاڵدا دەتوانین ئەو شتانە بەدەست بهێنینەوە کە دووبارەمان کردووەتەوە ئەو شتانەی کە پێشتر ڕووی داوە، واتە چێژ و ژویسانس.

نووسین بریتییە لە پرەنسیپی چێژ و ژویسانسێکی دووبارەکراو؛ نووسین ئەو شتەیە کە دیسانەوە چێژی لێ وەردەگرین یاخود یارمەتیمان دەدات بۆ ئەم شتە.

---

[18] le principe de la repetition لای فرۆید پرەنسیپی دووبارەکردنەوە بە واتای دووبارەکردنەوەی یادەوەرییەک یا خود شتێکی فەرامۆشکراو نییە، بەڵکوو دووبارەکردنەوەی ئەو شتانەیە چەپێنراون و ئەم پەرەنسیپە پەیوەستە بە پرەنسیپی چێژەوە. وەرگێڕ

چێژگەراییی نووسین[19]، نووسین وەک چێژ وەرگرتن بە هەمان شێوە کە لێرەدا بەدی دەکەین، لەنێو نەریتی تیۆری ئەدەبیی سەدەی هەژدەیەمدا، بریتییە لە تایبەتمەندیی سەرەکیی خولیای گەشەسەندووی نووسین، واتە ئەو واقیعەی کە ئێمە هەمیشە ویستوومانە ئەو شتانە دەرببڕین تاکوو خولیامان بپارێزین، لە ڕاستیدا ساد لە نووسیندا پرەنسیپ و ڕەگوڕیشەیەکی زۆر ڕادیکاڵ و بێشەرمانە لە سێکس دەخاتە ڕوو، واتە نووسینی وەک پرەنسیپێکی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیەکی هەمیشەییی چێژ و ژویسانی سێکسی پیشان داوە. هەر بۆیە نووسین لەپێناو سڕینەوەی سنووردارییەکانی کات بەکار دەهێنرێت، ڕێخۆشکەرە بۆ سڕینەوەی سنوورەکانی ماندوویەتی و پیری و مەرگ. لە ڕێگای نووسینەوە، هەر شتێک دەتوانێت بە شێوەیەکی هەمیشەیی و ناکۆتا دەست پێ بکاتەوە؛ هەرگیز ماندوویەتی و شەکەتی و مەرگ لەنێو جیهانی ئەم نووسینەدا دروست نابن. بە هەمان شێوە کەمێک پێش ئێستا بینیمان نووسین ئەو شتەیە کە جیاوازی نێوان

---

[19]l'hédonisme de l'écriture

پرەنسیپی چێژ و پرەنسیپی واقیع دەسڕێتەوە. کەواتە دووەم ئەرک و ڕۆڵی نووسین بریتییە لە سڕینەوەی سنوورەکانی کات و ئازادی دووبارەکردنەوە لەپێناو خۆیدا. لەنێو ئەم جیهانی دووبارەبوونەوەیەدایە، کە ئێمە بە درێژاییی ڕۆمانەکانی ساد، بە شێوەیەکی ناکۆتا چیرۆکەکانی ساد بەدی دەکەین کە دووبارە دەبێتەوە، واتە هەمان فیگۆرەکان، هەمان جووڵەکان، هەمان کردارەکان، هەمان توندوتیژی و ئینجا هەمان گوتار، ئینجا هەمان بەڵگەهێنانەوە، ئینجا لەنێو ئەم جیهانی نووسینەدا هیچ بەربەستێکی کات بوونی نییە و لەنێو چیرۆکی ژولیەتدا، دوا بەرگ بەم وشانە کۆتایی پێ دێت: «دە ساڵی تر، کارەکتەرەکانمان هەمان ئەو بەسەرهاتانە ئەزموون دەکەنەوە کە ئێوە پێش ئێستا خوێندووتانەوە»، ئینجا ژولیەت لەم جیهانەدا ون دەبێت و دەمرێت، ئێمە نازانین بۆچی و هۆکارەکەی لەبەرچی بوو، ئینجا پاش ئەمە ئێمە دیسان لەنێو جیهانی دووبارەبووەنەوەداین؛ هەموو شتێک دەبێت بە شێوەیەکی ناکۆتا دووبارە ببێتەوە و لە بنەمادا ناتوانین بزانین کە ئایا ژولیەت لە ڕاستیدا مردووە.

سێیەم مەسەلە سەبارەت بە ڕۆڵی نووسین، ئەگەر بێت و هەر بگەڕێینەوە سەر ئەم دەقە، بە تەنیا هێنانە باسی دووبارەکردنەوەیەکی ناکۆتای چێژ نییە، بەڵکوو مەسەلەکە دەکەوێتە سەرووی ئەمەوە، ئەویش ڕێگەدانە بە خەیاڵ بۆ ئەوەی سنووره تایبەتەکانی خۆی تێپەڕێنێت: «مۆمەکانت داگیرسێنە و لەسەر مێزەکەی خۆت ئەو ڕابواردنانە بنووسەوە کە گڕیان لە تۆ بەرداوە، بێ ئەوەی هیچکام لەو بارودۆخانە فەرامۆش بکەی کە وا دەکات وردەکارییەکان زیاتر بکات. لەسەر ئەوانە بخەوە. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر تێبینی و یاداشتەکانی خۆت بخوێنەوە، دەست بە ئۆپەراسیۆنەکەت بکەوە، هەموو ئەو وێنا ماندووکەرانە بۆ ئەو ئایدیانەی کە بە قورسی کەوتووەتەوە بە سەرتدا، زیاد بکە، ڕەنگە ئەمە بتوانێت ورووژاندنی تۆ زیاتر بکات».

بۆیە لە بەرئەنجامدا ئەو نووسینەی کە دووبارە دەبێتەوە بە هەمان شێوە بەرفراوانیش دەبێت، نووسینێک کە زیاد دەکات، نووسینێک کە بە شێوەیەکی ناکۆتا فراوان و کەڵەکە دەبێت. ئەم سەرلەنوێ نووسینەوە، ئەم نووسین ـ خوێندنەوەـ سەرلەنوێ نووسینەوە ـ سەرلەنوێ

خوێندنەوەیە و هتد، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی خەیاڵ بە شێوەیەکی ناکۆتا بەردەوام بەرەو دوور بڕوا، واتە هەر جارێک کە دەنووسین سنووری نوێ تێدەپەڕێین. نووسین وا دەکات خۆی بکاتەوە و ئەو فەزا و وێنە و چێژ و زێدەڕۆییانە ناکۆتایانە بەرانبەر خۆی بکاتەوە و بیانبینێت کە دەتوانن بکشێن و زیاد بن بێ ئەوەی هیچ سنووردارییەک لەوێدا بەدی بکرێت. لە ئەنجامدا نووسینێک دروست دەبێت کە لە پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا هیچ سنوورێکی بەرانبەر بە چێژ نییە، بە هەمان شێوە لە پەیوەندی لەگەڵ کاتدا هیچ سنوورێکی بەرانبەر دووبارەکردنەوە نییە، بە هەمان شێوە هیچ سنوورێکی بەرانبەر وێنەی خۆی نییە، ئەم نووسینە بەرانبەر سنوور خۆی بێ سنوورە، ئینجا هەموو سنوورەکان پاش یەکتر هەرکامەیان پاش ئەوی تریان تێدەپەڕێنرێن. هەرگیز هیچ وێنەیەک بە شێوەیەکی ڕاشکاو بە جێگیری نامێنێتەوە، هەرگیز ئارەزوو لەنێو فەنتازیادا گیر ناخوات، بەڵکو بەردەوام ئەگەری فەنتازیایەک لە پشتەوەی فەنتازیایەکی تر هەیە، هەر بۆیە ئەو شتەی کە لە ڕێگای نووسینەوە

دڵنیایی بە ئێمە دەبەخشێت، سڕینەوەی سنوورەکانی فەنتازیاش خۆیەتی.

چوارەم ڕۆڵی نووسین هەر لەنێو دەقەکە خۆیدا باس دەکرێت: «دەست پێ بکەن و ئەزموونی ئەوە دەکەن کە ئەم لادانە زیاتر گونجاوە لەگەڵ ئێوە». واتە بە یارمەتیی ئەم ڕەوتەیە کە نووسین بەرەو لە سنوورکەوتنی فەنتازیاکان دەچێت، واتە لە سنوورکەوتنی دووبارەکردنەوە لەنێو کاتدا، ئەم نووسینە یارمەتی تاک دەدات کە لە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی تردا، لە پەیوەندی لەگەڵ هەر جۆرە نۆرم و خوو و ڕەفتارێکدا، لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو یاسایەکدا، لە پەیوەندی لەگەڵ هەر شتێکدا کە ڕێگەپێدراو و یاساغە، زۆرترین لایەنی لادان بەدەست بهێنێت، زۆرترین مەودا دەست بخات؛ واتە ئەو کردارەی بەو شێوەیە وێنا کراوە و، لە ڕێگای نووسین کاری لەسەر کراوە، تا دوا ڕادە دەڕوات، تەنانەت دەکەوێتە ئەو دیو سنوورەکانی ئامانجی خۆیشیەوە، گرنگ نییە ئەم کردارە جێبەجێ دەکرێت یاخود نا، ئینجا نووسین چیتر وا ناکات جیاوازی مایەی تێگەیشتن بێت، بەڵکوو ئەم کردارەیە تاک

دەخاتە نێو ئەو خاڵە مەحاڵەوە کە بەو شێوەیە هەیە، بە شێوەیەک کە پاش ئەوە دەکەوێتە نێو لاداوترین خاڵ لە تاقانەیەتیدا، دەکەوێتە نێو دوا ڕادەی لادانەوە و هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەوە نابێت کە هەبووە. هەر بۆیە نووسین داینەمۆی ئەم جووڵەیەیە، پرەنسیپی زێدەڕۆیی و زێدەخوازییە: نووسین نەک بە تەنیا تاک دەخاتە نێو تاقانییەوە، بەڵکوو دەیخاتە نێو تەنیاییەکیشەوە کە قەرەبوو ناکرێتەوە. لەم چرکەساتەدایە کە ساد بە شێوەیەکی باش لە دەقەکانی تریدا دەڵێت، کاتێک سووبێکت، تاک، هەست دەکات ئەم کردارە زۆر قێزەون و ترسناکە یان بە تەواوەتی شتێکی مەحاڵە، کاتێک هەر لە ڕاستیدا ئەو کارانە دەکات، چیتر ناتوانێت بگەڕێتەوە دواوە: هیچ هەتوانێک، هیچ تۆبەکردن و پەشیمان بوونەوەیەک لە ئارادا نییە، هەر چارەسەرێک چیتر مەحاڵە. لە ڕێگای ئەم کردارەوە، تاک بە شێوەیەکی تەواو و ڕەها تاوانبارە؛ هیچ شتێک ناتوانێت بوونی ئەم تاوانە بسڕێتەوە، هیچ شتێک تاک وەک تاوانێک ناسڕێتەوە. هەر بۆیە نووسین ئەو پرەنسیپەیە کە لەسەر بنەمای ئەوە، بە هەر بارێکدا بێت، تاوانبار وەک تاوانبارێک دروست دەکات. هەر بۆیە نووسین بنەمای ئەم زێدەڕۆییە

تاوانکارییە دادەڕێژێت و لەم ساتەدا نووسین تاک دەخاتە نێو ئەم پنتە زێدەخوازییە، ئایا دەتوانین هێشتا بە شێوەیەکی ڕاشکاو قسە لەسەر ئەم تاوانە بکەین؟ ئەگەر بێت و هیچ هەتوانێک بوونی نەبێت، ئەگەر تاک نەتوانێت ئەو تاوانە قەرەبوو بکاتەوە کە تووشی بووە، ئەگەر لە ڕاستیدا هیچ سزایەک چاوەڕوانی نەکات، ئەگەر ویژدانی وەک تاوانبارێک نەجووڵێت، لەناکاو، تاوان خۆی، خۆی دەسڕێتەوە و، تاک دەردەکەوێت و، لەپێش چاوی خۆی و ئەوانی تردا، نەک وەک تاوانبارێک کە یاساکانی تێپەڕاندووە، بەڵکوو وەک تاقانەیەک دەردەکەوێت، کەسێکی تاقانە بێ هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوانی تردا و، تاوان لە بەرژەوەندیی ئەم چەمکە سەرەکییەی ساد خۆی دەسڕێتەوە: واتە چەمکی بشێوی[20].

هەر بەو شێوەیەی کە نووسین پێشتر ژمارەیەکی بەرچاو سنووری سڕیوەتەوە، ئێستا دوا سنوور دەسڕێتەوە ئەویش سنووری نێوان تاوانبار و بێتاوانە، سنووری نێوان

---

[20] l'irrégularité

ئەو شتەی ڕێگەپێدراوە و ئەوەی یاساغە و وا دەکات بشێوی بێتە نێو ئەم دونیا بێمانایەوە. هەر بۆیە لەم ساتەدا باشتر دەتوانین لەو مەبەستەی ساد تێ بگەین کاتێک دەڵێت: «من لە پێناو وتنی هەقیقەتدا دەنووسم». لە ڕاستیدا ئاشکرایە وتنی هەقیقەت لای ساد وتنی چەند شتێکی لە ڕاستیچوون نییە بەو شێوازەی ڕۆماننووسانی سەدەی هەژدەیەم دەیانوت، پێشتر قسەمان لەسەر ئەمە کرد. بەڵکوو مەبەستی وتنی هەقیقەت لای ساد دروستکردنی ئارەزوو و فەنتازیا و خەیاڵی ئێرۆتیکییە، ئەویش لە پەیوەندی لەگەڵ هەقیقەتێکدا کە بۆ ئارەزوو هیچ پرەنسیپێکی واقیع نەبێت کە بتوانێت بکەوێتە دژایەتی لەگەڵیدا، یا بتوانێت پێی بڵێت نەخێر، یا بتوانێت پێی بڵێت: «چەند شتێک هەن کە تۆ ناتوانی پێی بگەیت»، یان بتوانێت پێی بڵێت: «تۆ بە هەڵەدا چووی، تۆ تەنیا فەنتازیا یان خەیاڵی». لەم ساتەدا، لە ڕاستیدا لە کاتی نووسیندا، بە تەواوەتی ملکەچی ئارەزوو دەبین، ئیش لەسەر ئارەزوو دەکرێت و فراوان دەکرێت و پرەنسیپی واقیع دوور دەخرێتەوە، لەناکاو هەڵسەنگاندنی فەنتازیا چیتر مسۆگەر نییە؛ واتە هەر فەنتازیایەک دەبێتە ڕاستی و خەیاڵ خۆی،

دەبێتە هەڵسەنگێنەری خۆی؛ یاخود تاقە هەڵسەنگاندنێک کە ڕێی تێ بچێت، بریتییە لە چوونە ئەو دیو فەنتازیا و دۆزینەوەی فەنتازیایەکی تر لەوێدا.

مەسەلەی دووەم ئەوەیە نووسین ئارەزوو دەهێنێتە نێو نەزمی هەقیقەتەوە[21]، چونکە بەو شێوەیەی کە نووسین ڕێخۆشکەرە بۆ سڕینەوەی هەموو سنوورەکانی کات لە بەرەئەنجامیشدا لێدەگەڕێت ئارەزوو بێتە نێو دونیای ئەبەدی دووبارەکردنەوە، ئارەزوو چیتر ئەو شتە نییە کە لە ساتێکی دیاریکراودا، بوونی هەبێت و ئینجا نەمێنێت. بە یارمەتی نووسین ئارەزوو چیتر ئەوە نییە لە ساتێکی دیاریکراودا بوونی هەبێت و لەو ساتەدا ڕاست بێت یاخود درۆ و ساختە بێت، ئەمە ئەو شتە نییە کە بە شێوەیەکی هاکەزایی لە کۆتاییی ژیان و چرکەساتی مەرگدا خۆی ئاشکرا بکات، ئینجا چیتر ئەمە مەرگ نەبێت و چیتر کۆتاییی ژیان بوونی نەبێت، چونکە ئێمە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەنێو دووبارەبوونەوەداین، ئینجا سڕینەوەی ئەم بەربەستە زەمەنییە و دامەزراندنی ئەم جیهانە دووبارەیە، دڵنیاییی

[21]l'ordre de la vérité

ئەوە دەدات بە ئارەزوو کە هەمیشە ڕاستییە و هیچ شتێک ناتوانێت لە بەهای بخات.

سێیەم مەسەلە ئەوەیە نووسین ئارەزوو دەهێنێتەوە نێو جیهانی هەقیقەتەوە، ئینجا ئەم هەقیقەتە لەپێناو ئارەزوو هەموو بەربەست و سنوورە یاسایی و نایاسایی و ڕێگەپێدراو یاساغەکان و ئەخلاقی و نائەخلاقییەکان دەسڕێتەوە، واتە نووسین ئارەزوو دەهێنێتە نێو فەزایەک کە بە شێوەیەکی ناکۆتا فەزایەکی کراوە و بێسنوورە. نووسین ڕێگە بۆ خەیاڵ و ئارەزوو خۆش دەکات کە جگە لە تاکگەراییە تاقەنەکەی خۆیان بەر هیچ شتێکی تر نەکەون. نووسین ڕێگە بۆ ئارەزوو خۆش دەکات کە هەمیشە بکەوێتە سەرووی ناڕێکی و بشێوییەکەی خۆیەوە و، هیچ شتێک هەرگیز نەتوانێت بیچەپێنێت و ببێتە بەربەست لەبەردەمیدا؛ ئارەزوو بەردەوام هاوتەریبە لەگەڵ هەقیقەتەکەی خۆیدا؛ لە ئەنجامی هەموو ئەو ناسنووردارییە کە لە واقیعی نووسیندا بەرهەم دێت، ئارەزوو دەبێتە خودی خۆی واتە یاسای خۆی؛ دەبێتە دەسەڵاتێکی ڕەها کە هەڵگری هەقیقەتی خۆیەتی و دووبارەبوونەوەی خۆی و

ناکۆتاییی خۆی و پێداگریی خۆیەتی. هیچ شتێک ناتوانێت بە ئارەزوو بڵێت: «تۆ ساختە و هەڵەی»، هیچ شتێک چیتر ناتوانێت بە ئارەزوو بڵێ: «تۆ هیچ دیوێکی تەواوت نییە»، هیچ شتێک ناتوانێت پێی بڵێت: «ئەمە ئەو شتەیە تۆ خەونت پێوە دەبینی، بەڵام ئەمە هەر ئەو شتەیە کە دژ بە تۆ وەستاوەتەوە». هیچ شتێک ناتوانێت بە ئارەزوو بڵێت: «تۆ بەم شێوەیە دەژیت، بەڵام واقیع شتێکی ترت پێ دەڵێت». بە یارمەتیی نووسین، ئارەزوو بە شێوەیەکی ڕاشکاو دێتە نێو دونیای هەقیقەتێکی تەواوەوە، هەقیقەتێکی ڕەها و بێسنوور، بێ هیچ ئەگەری دژایەتییەکی دەرەکی.

بەم شێوازە دەبینن کە نووسینی سادی، هیچ تایبەتمەندییەکی پەیوەندی، سەپاندن و پێشنیارکردنی ئایدیایەک یان هەستێکیان بۆ کەسێکی تر نییە؛ دیارە ئەمە بە واتای قەناعەت پێکردنی کەس نییە بە هەقیقەتێکی دەرەکی. نووسینی سادی، نووسینێکە کە لە واقیعدا کەس ناکاتە بەردەنگی خۆی، کەس ناکاتە بەردەنگی خۆی بەو واتایەی کە نایەوێت کەس بڕوا بەو هەقیقەتە بکات کە لە مێشکی خۆیدایە و ئەو ئەوەی زانیوە، یاخود دانی پێدا بنێت

و بیسەپێنیت بە سەریدا، بە هەمان شێوە کە ئەم شتە خۆی بەسەر خوێنەر و نووسەردا سەپاندووە. نووسینی ساد نووسینێکی تەواو تەنیایە کە کەس ناتوانێت لێی تێبگات و کەسیش ناتوانێت قەناعەتی پێ بهێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا، بە شێوەیەکی ڕەها زۆر پێویست بوو بۆ ساد کە هەموو فەنتازییەکانی لە ڕێگای نووسینەوە تێپەڕێت، لە ڕێگای نووسینەوە کە مەتریاڵێکی هەیە و بنەڕەتێکی هەیە، ئینجا بە هەمان شێوە کە دەقەکەی ژولیەت پێمان دەڵێت، ئەم نووسینە مادییە کۆمەڵێک نیشانە لەسەر ڕووپەڕ دروست دەکات کە دەتوانین بیخوێنینەوە و دەستکاری بکەین و بە شێوەیەکی ناکۆتا دیسان دەست پێ بکەینەوە، هەر ئەم نووسینەیە کە ئارەزوو دەخاتە نێو فەزایەکی ناکۆتاوە بەراورد بە دەرەوە و زەمەن و هەموو سنوورەکانی خەیاڵ و هەموو داکۆکییەکان و ڕێگەپێدانەکان بە شێوەیەکی ڕاشکاو و یەکلاکەرەوە لە ڕێگای خۆی لا دەبات. کەواتە نووسین، ئارەزوویەکە کە گەیشتووەتە هەقیقەتێک کە هیچ شتێک ناتوانێت سنوورداری بکات. نووسین، ئارەزوویەکە کە گۆڕاوە بۆ هەقیقەت، هەقیقەتێکە کە شێوەی ئارەزووی لەخۆ گرتووە، ئارەزوویەکی دووبارەبووەوە، ئارەزوویەکی

بێسنوور، ئارەزوویەک بێ یاسا، ئارەزوویەک بێ هیچ سنووردارییەک، ئارەزوویەک بێ دەرەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات دەرەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ئارەزوودا بسڕێتەوە. بێگومان ئەم شتانەیە کە نووسین لەنێو بەرهەمەکانی ساد بە شێوەیەکی ڕاشکاو دەتوانێت بیکات، هەر بۆیە ساد دەنووسێت.

# بەشی دووەم

کەمێک پێش ئێستا ئەو هۆکارانەمان بەدی کرد کە ساد خەونەکانی نووسیوەتەوە و بەکاری هێناوە واتە ئاستی نووسینی ئەو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئارەزوو، فەنتازیا و خەون و دیمەنی فەنتازیای ئیرۆتیکیدا. ئێستا دەمانەوێت کەمێک جێگۆڕکێ بە شیکارییەکەمان بکەین و هەوڵ بدەین لەو واتایە تێبگەین کە ساد نەک تەنیا دەیبەخشێت بە گوتارە تیۆرییەکانی بەڵکوو بە شێوەیەکی بەدوایەکداهاتوو و ڕێکوپێک لەنێو دەقەکانیدا لەنێوان گوتارە تیۆرییەکان و دیمەنە ئێرۆتیکییەکان ئەم مەسەلەیە بەدی دەکەین (من ئەمە ناوی لێ دەنێم "دیمەن" واتە لە هەموو ئەو بەشانەی کە ساد تێکەڵبوونە سێکسییەکانی نێوان هاوبەشەکان و کەساییەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانی وەسف دەکات و شییان دەکاتەوە، ئینجا ئەوی تر ناو لێ دەنێم "گوتار" واتە ئەو بەشە تیۆرییە درێژانە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەوپەڕی وردبینییەوە لەگەڵ دیمەنە ئێرۆتییکییەکان بەدوایەکدا دێن).

ئەو مەسەلەیەی کە دەمەوێت لێرەدا بیورووژێنم بریتییە لە مەسەلەی بەدوایەکداهاتن لە نێوان گوتار و دیمەندا. ئەم بەدوایەکداهاتنە نەک ئەوەی بینراو و هەستپێکراویشە بەڵکوو ئازارهێنەر و وەڕەسکەریشە، ئینجا ڕێکخستنێکی میکانیکی لەم بەدوایەکداهاتنەدا هەیە کە هەر دیمەنێک پێش هەر گوتارێکی تیۆری دەکەوێت واتە هەر تیۆرییەک بە درێژاییی ئەم دە بەرگە درێژەی ڕۆمانی ژوستین و ژولیەت شوێن دیمەن دەکەوێت.

لە ڕۆمانی "سەت و بیست ڕۆژ لە سەدووم" ئەم دیوە میکانیکییە هەر لە پێشدا ئامادە کراوە، هەندێک لە کاتژمێرەکانی ڕۆژ بە تایبەتی تەرخان کراوە بۆ گوتار، لە کاتێکدا کاتژمێرەکانی تر تەرخان کراوە بۆ دیمەنی ئێرۆتیزم. بنەمای ئەم بەدوایەکداهاتنە بە چ واتایەک دێت؟ ئەم تێمایەیە کە من لێرەدا دەمەوێت لەسەری بوەستم.

یەکەم ئایدیا کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بە خەیاڵدا بێت زۆر شتێکی سادەیە. ئینجا، ئایا ئەم گوتارانە کە بە دیمەنە ئێرۆتیکییەکان جێگۆڕکێ دەکرێن لەپێناو وتنی هەقیقەتدا نییە سەبارەت بەو دیمەنە ئێرۆتیکییانە؟

دیمەنەکان نواندنەوەی شتەکان و ئەکتەکان دەکەن؛ پراکتیکەکان نواندنەوەی سێکسوالیتیَ لەنێو نمایش و شانۆدا دەکەن، پاش ئەمانەش لەناکاو گوتار دێت یان پێش ئەوەش، بۆ شیکردنەوەی ئەو شتانەی ڕوویانداوە، بۆ وتنی هەقیقەت، بۆ پیشاندان و پاساودانی ئەو بەشانەی کە ئەنجام دراوە و نمایش کراوە، یان پێشتر یان پاش ئەوە ئەنجام دەدرێت.

ئەوەی جێی سەرسووڕمان بێت ئەوەیە گەر کەمێک لەم گوتارانە بڕوانین، تێ دەگەین ساد هەرگیز بەدوای ئەوەدا نییە مەسەلەی سێکسوالیتیَ ڕوون بکاتەوە یان شیکردنەوەی لەسەر بدات؛ چۆن دەشێت شتی وا ڕوو بدات، بۆ نموونە، ئارەزووی دایکی خۆتان هەبێت یاخود چۆن دەکرێت ببنە هۆمۆسێکسوال، یان بۆچی ئارەزووی کوشتنی منالّی بچووکتان هەبێت و هتد. دواجار شتێک کە لە ئاستی دەروونناسیدا بشێت هەبێت یان دەروونناسییەک کە بە شیکارییەکی زۆر سروشتی و سادە لەو شتانەی کە دەگێڕدرێتەوە بەدەست بێت، واتە کۆی ئەو شتانەی کە بشێت لەسەر ناوی دیمەنێک بخرێنە ڕوو، هەرگیز لەنێو

گوتاری 'ساد'دا بەدی ناکەین. گوتارەکانی ساد قسە لەسەر ئارەزوو ناکەن؛ قسە لە سێکسوالیتیٚ ناکەن، سێکسوالیتیٚ و ئارەزوو بابەتی گوتار نین لای ئەو، بابەتی گوتار لای ساد شتێکی ترە؛ ئەویش مەسەلەی خودایە، یاساکان، گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، واتە هەر شتێک کە تاوان بێت بە مانا گشتییەکەی؛ مەسەلەی سروشت و ڕۆح و نەمری و ئەبەدیەتە. ئەم شتانەن کە لەنێو گوتاری 'ساد'دا بوونیان هەیە؛ ئارەزوو، لەنێو ئەم گوتارەدا وەک بابەتێک بوونی نییە. لە لایەکی ترەوە، بابەت و وتەی دووەمە کە لە تەنیشت ئەوەی یەکەم دەبێت خاڵی دەستپێک بۆ ئێمە؛ هەر بۆیە لەنێوان ئارەزوودا ـ کە وەک بابەتی مەبەست لەنێو گوتاردا بوونی نییە تەنانەت گوتار خۆیشی ـ هێڵێکی ئاشکرابوونی هەیە کە تا ڕادەیەک دەروونناسانەیە، ئینجا گوتاری ساد پێش دیمەن ڕوو دەدات، یاخود پاش ئەوە. ئەگەر ئەم گوتارە پێش دیمەنەکە ڕوو بدات، ئەوا جۆرە دیوێکی شانۆیی هەیە لەو شوێنەدا کە دیمەنەکان دەخرێنە ڕوو. بۆ نموونە لە کۆتاییی ڕۆمانی ژولیەت، باسی توندوتیژییەک

دژ به به فۆندانی[22] گچکەمان بۆ دەکەن، واته ئەو کیژۆڵەیەی که دراوەته دەستی ژولیەت و ژولیەت هەرچییەکی هەبووە بردوویەتی و تالآنی کردووه، واته پێش ئەوەی جلەکانی لەبەری دابکەنرێت و توندوتیژی بەرانبەر بکرێت و بکوژرێت. پێش ئەم دیمەنە گوتارێکی درێژ دێته ئاراوه سەبارەت به پەیمانی کۆمەڵایەتی، سەبارەت بەو بەرپرسیاریەتییانەی که دەشێت لەنێوان دوو کەسدا هەبێت یان کەمترین لایەنی بەرپرسیاریەتی که دوو تاک ببەستێت به یەکەوە. ئەمه جۆرێکه له شانۆی تیۆری که بەرەو ئامادەکردنی دیمەنێک دەچێت، ئینجا فۆندانی گچەکه لەلایەن دایکییەوە دەدرێته دەستی ژولیەت، ئەویش بەڵێن دەدات به باشی چاودێری بکات و ئاگای لێ بێت، واته شتەکانی بپارێزێت و هەڵیگرێت تا ئەو کاتەی مێرد دەکات، ئەو شتانەی که به دڵنیاییەوە ئەو جێبەجێی ناکات. پاش ئەم گوتاره درێژه، که جێبەجێکردن و خستنه سەر ستەیجی تیۆرییه واته شانۆییەک که دەخرێته سەر ستەیج، چی ڕوو دەدات؟ ئەمه بەو واتایه دێت که به سەرەنجدان بۆ واقیعی

[22]Fondagne

گوتار ـ لەو شوێنەدا کە باسەکە لەسەر بەرپرسیاریەتی بوو بە شێوەیەکی گشتی، یان ئەرکی هاوبەرانبەر، پەیمان، یاسا و تاوان و هتد ـ لەسەر بنەمای ئەم گوتارە تەواو تیۆرییە، هاوبەشەکانی ئەم گوتارە، واتە ئەوانەی سەرقاڵی گفتوگۆن، دەگەنە ئاساتێک هێندە زۆر لە ورووژاندنی سێکسی، واتە لەسەر بنەمای ئەو گفتوگۆ تیۆرییەیە، بە شێوەیەکی سروشتی ئەو شتانە بەدی دەکەین کە دەیکەن و ڕوو دەدات (بەڵام ئەوان هیچ خەونێکیان لەنێو ئەم گوتارانەدا نەبووە چونکە گوتارەکە خۆی بە تەواوەتی ئەبستراکت بووە و مەسەلەکان سەبارەت بە یاسا و هتد بووە)، هەر ئەمەش بۆ ئەوان بەس بوو کە تا دوارادە تووشی ورووژاندنی سێکسی ببن.

لە بەشەکانی تردا، گوتار پێش دیمەن ناکەوێت، بەڵکوو دوای دیمەن دێت. چەند شتێک ڕوو دەدات (برێساک[23] دەستدرێژی دەکاتە سەر دایکی) گوتارێک بۆ شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە هەیە، بۆ نموونە، بۆچی و چۆن نابێت پەیوەندییە خێزانییەکان بە جیدی وەربگیرێت و بۆ

---

[23]Bressac

ماوەیەکی درێژ گرنگی بە خێزان بدرێت، هەر لەسەر بنەمای ئەو شتەی ئەم گوتارە دەیکات، لوتکەیەک لە ورووژداندنی سێکسی دروست دەبێت کە ئەوان ناتوانن جارێکی تر ئەو شتانە دووبارە بکەنەوە کە پێشتر کردوویانە، شتێک کە لێرەدا بەدی بکرێت ئەویە کە گوتار لە پەیوەندی لەگەڵ ئارەزوودا وەک داینەمۆ و پرەنسیپی ئارەزوو ڕۆڵ دەگێڕێت. ئارەزوو بە شێوەیەک لەگەڵ خۆیدا بە ئاستە مێکانیکییەکەی خۆیدا گرێدراوە؛ مێکانیکی گوتار مێکانیکی ئارەزوو ئاراستە دەکات و کاتێک ئەم شتە کۆتایی پێ هات، گوتار وشەکانی خۆی دەدۆزێتەوە و بە جۆرێک لەودا ئارەزوودا هەڵدەکێشێت، بە چەشنێک کە ئارەزوو و گوتار لە ئاست مێکانیزمی ناوەکییاندا پێکەوە دەبەسترێنەوە، لە کاتێکدا ئارەزوو خۆی لەنێو گوتاردا حوزووری نییە. کەواتە گوتاری ساد، گوتارێک نییە سەبارەت بە ئارەزوو؛ بەڵکوو گوتارێکە *لەگەڵ* ئارەزوو، گوتارێکە پاش ئارەزوو دێت، گوتارێکە پێش یان پاش ئارەزوو، ئەم گوتارێکە پێش دەرکەوتن یان پاش دیارنەمانی ئارەزوو شوێنی ئەو دەگرێتەوە، گوتار شوێنگرەوەی ئارەزووە. گوتار و ئارەزوو کەواتە یەک

شوێنیان هەیە و لەبەرئەنجامدا هەرکامەیان دەبەسترێتەوە بە ئەوی ترەوە، بێ ئەوەی گوتار کەوتبێتە ئەو دیو ئارەزوو لەپێناو ئەوەی لەوێدا هەقیقەت بڵێت. دەمەوێت کەمێک ئەم تێمایە لێرە فروان بکەم، واتە: ئەو ڕاستییەی کە گوتار سەبارەت بە ئارەزوو باسی هەقیقەت ناکات، بەڵکوو گوتار و ئارەزوو پێکەوە لێک دەدەرێن، واتە بەپێی هەندێک لایەنی مێکانیکی هەقیقەت و ئارەزوو پێکەوە دەبەسترێنەوە.

هەر بۆیە ئەمە پرسیاری یەکەمە: چی لەنێو ئەم گوتارانەدا بەدی دەکەین، ئەم گوتارانە چی دەڵێن؟ لە بنەمادا ئەم گوتارانە هەر یەک شت دەڵێن.... گوتارەکانی ساد دەقاودەق یەک شت نالێن، بەڵکوو باس لە چوار شتی هاوشێوە دەکەن. گوتارەکانی ساد، بە درێژایی دە بەرگەکەی ڕۆمانی ژوستین و ژولیەت هاوشێوەی ڕۆمانی "سەت و بیست ڕۆژ لە سەدووم" و بەرهەمەکانی تری ساد، ئەو گوتارانەن کە چوار شتی هاوشێوە دەڵێن. هاوشێوەی جۆرێک چوارپاڵوو کە چواردیوی هەبێت کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلایەن کارەکتەرەکانەوە بسووڕێتەوە و جارێک بکەوێت بە لایەکیدا و جارەکەی تریش بە لاکەی تردا، بە شێوەیەک کە

بە درێژاییی ئەم گوتارەدا، مەسەلەکان بە شێوەیەکی بەدوایەک لەسەر ئەم چوار دیوە بڕۆن، ئەم چوار دیوە ئاسانە بۆ دەستنیشان کردن. هەرکام لەم دیوانە هەڵگری جۆرە گەیشتنە ئەنجامێکن لەسەر "نابوون".

یەکەم دیو، بنەمای تەواوی ئەم چوارپاڵووە، بە دڵنیاییەوە ئەم شتەیە: خودا بوونی نییە، سەلماندنی بوونی خوداش ئەوەیە کە ئەو خۆی بە تەواوەتی دژوازییە[24]. دەڵێن خوا خاوەنی هەموو تواناییەکە، بەڵام ئەمە چ جۆرە تواناییەکە کە لە هەر چرکەساتێکدا باڵانسەکەی لەلایەن ئێرادەی مرۆڤەکانەوە تێک دەچێت؟ کەواتە ئەو بێ توانایە. دەڵێن خودا ئازادە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە مرۆڤەکانن ئازادن لەوەی کە خودا چی ویست نەیکەن؛ هەر بۆیە خودا ئازاد نییە! دەڵێن خوا باشە، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە کە سەیرێکی دونیا بکەی کە چۆنە تا لەوە تێبگەی خودا نەک باش نییە بەڵکوو چەپەڵیشە. کەواتە خودا بوونی نییە، ئەمە یەکەم هەڵسەنگاندنە، چونکە ئەو دژوازە.

[24] contradictoire

دووەم لێکدانەوە: ڕۆح بوونی نییە، هەرگیز بوونی نەبووە، چونکە ڕۆح خۆی دژوازە. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕۆح بەسترابێتەوە بە جەستەوە، ئەگەر ملکەچی جەستە بێت، ئەگەر بێت و بە هۆی ئارەزوو و جۆش و خرۆشەوە داگیر بکرێت، کەواتە شتێکی مادییە. ئەگەر ڕۆح لەگەڵ جەستەدا لە دایک بووبێت، ئەگەر لەگەڵ جەستە لە یەک کاتدا لەم جیهانە دەرکەوتبن، کەواتە شتێکی مادییە. گەر لەگەڵ جەستە لە دایک بووبێت، گەر لەگەڵ جەستە لەم جیهانەدا لە یەک کاتدا دەرکەوتبێت، کەواتە ئەبەدی و نەمر نییە بەو شێوەیە کە دەوترێت، بەڵکوو فانییە[25]. گەر هاتوو ڕۆح تاوانبار بێت و گوناهێکی کردبێت، دەبێت چی بکرێت تاکوو ڕۆژێک لەم گوناهە ببوورن و ڕۆح جارێکی تر بێتاوان ببێتەوە؟ بە کورتییەکەی، گەر ڕۆح بیەوێت شتێک بکات، چۆن دەکرێت ئەو تاوانبار بکرێت؟ هتد. گشت ئەم زنجیرە پارادۆکسانە بۆ ئەوەیە پیشان بدرێت ڕۆح لەنێو خۆیدا دژوازە بۆیە لە بەرئەنجامدا بوونی نییە.

---

[25]périssable

چوارەم لێکدانەوە بۆ نابوون: تاوان بوونی نییە. لە ڕاستیدا، تاوان تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ یاسادا بوونی هەیە؛ لەو شوێنەی یاسا نەبێت، تاوانیش نییە. کاتێک یاسا شتێکی قەدەغە نەکردبێت، ئەو شتە ناتوانێت وەک تاوان بوونی هەبێت. کەواتە یاسا چییە جگە لەوەی لەلایەن چەند کەسێکەوە بڕیاری لەسەر دراوە و تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندیی ئەواندایە؟ کەواتە یاسا چییە جگە لە دەربڕینی پیلانێک لەلایەن چەند کەسێکەوە لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و لە ئەنجامدا چۆن دەتوانرێت بوترێت تاوان خراپە کە ڕێک ئەو شتە بێت کە بکەوێتە دژایەتیی ئیرادەی ئەو کەسانە و ڕیاکاری بۆ ئەوان بکات؟

چوارەم لێکدانەوەی نابوون، بریتییە لەوەی سروشت بوونی نییە یان پتر بڵێین بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بوونی هەیە، تەنیا لە حاڵەتی خاپووربوون و سڕینەوەی خودی خۆیدا بوونی هەیە. کەواتە، سروشت چییە؟ سروشت، ئەو شتەیە بوونەوەرە زیندووەکان بەرهەم دەهێنێت. ئینجا تایبەتمەندیی بوونەوەرە زیندووەکان ئەگەر دەقاودەق مردن نەبێت، چییە؟ یاخود مردن، لە ڕێگای

چارەنووسێکەوە کە پەیوەستە بە پیرییانەوە، دەیسەلمێنێت کە سروشت ناتوانێت جگە لە خاپورکردنی خودی خۆی هیچ شتێکی تر بکات، چونکە مەرگ لە ئەنجامی توندوتیژیی کۆمەڵێک تاکەوە سەرچاوە دەگرێت کە خۆیشیان و توندتیژییەکەیان و چەپەڵی و ئارەزووی خۆراک و مرۆڤخۆرییەکەیان[26] لەلایەن سروشتەوە خولقێنراوە. بۆیە لە بەرئەنجامدا ئەوە هەر سروشت خۆیەتی کە خۆی خاپوور دەکات؛ هەر بۆیە سروشت بەردەوام خۆی خاپوور دەکات لەگەڵ ئەمەشدا سروشتی هەر تاکێک لە هەوڵی پاراستنی خودی خۆیەتی. لەنێو هەر تاکێکدا، سروشت پێویستی ئەم خۆپاراستنەی جێگیر کردووە؛ کەواتە، ئەگەر ئەمە یاسایەکی سروشت بێت کە بوونەوەرەکان خۆیان دەپارێزن، چۆن دەشێت ئەمە یاسای سروشتیش بێت کە تاکەکان دەمرن، ئەویش مردن لە ڕێگای خۆیانەوە یاخود لە ڕێگای کەسانی ترەوە؟ لە ئەنجامدا ئێمە لەنێو پێویستی بوونەوەرەکان بۆ خۆپاراستنیان و لەنێو ئەو چارەنووسەی کە مەحکوومن بە مەرگ چەند شتێک بەدی دەکەین کە

[26] anthropophagie

تەنانەت لە هەناوی سروشتیش پارادۆکسێک هەڵدەکۆڵێت کە سروشت خۆی چیتر بوونی نامێنێت.

کەواتە چوار تێزەکەی نابوون: خودا بوونی نییە، ڕۆح بوونی نییە، تاوان بوونی نییە، سروشت بوونی نییە، ئەو چوار تێزەن کە بە شێوەیەکی ناکۆتا و بە هەموو دیوەکانییەوە و بە هەموو بەرئەنجامەکانیانەوە و لە ڕێگای هەموو پێش گریمانەکانیانەوە، بە درێژاییی بەرهەمەکانی ساد دووبارە بوونەتەوە. هەر بۆیە ئەم چوار تێزە دەقاودەق پێناسەی ئەو شتە دەکەن کە دەتوانین ناوی لێ بنێین بوونی نائاسایی لای ساد. کەواتە تاکێکی نائاسایی لای ساد چییە؟ ئەو کەسێکە  بۆ جارێک و بۆ هەمیشە ئەم پرەنسیپە چوار ڕەهەندییەی "نابوون" دادەڕێژێت؛ تاکێک کە دان بە هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی خۆیەوە نانێت: نە دەسەڵاتی خودا، نە هی ڕۆح، نە هی یاسا، نە هی سروشت. ئەمە تاکێکە کە پەیوەست نییە و نەبەستراوەتە بە هیچ کاتێکەوە، بە هیچ ئەبەدیەتێکەوە، بە هیچ نەمرییەکەوە، بە هیچ ئەرکێکەوە، بە هیچ پابەندبوونێکەوە، کە دەکەوێتە سەرووی نەک چرکەساتی ژیانی بەڵکوو ئارەزوویشی.

بوونی نائاسایی، ئەو بوونەیە کە دان بە هیچ نۆرمێکدا نانێت، نە نۆرمێکی ئایینی کە لە خوداوە سەرچاوەی گرتبێت، نە نۆرمێکی تایبەتی کە لە ڕۆحەوە سەرچاوەی گرتبێت، نە هیچ نۆرمێکی سروشتیش. دواجار، بوونی نائاسایی، بوونێکە کە هیچ مەحاڵبوونێک ناناسێت؛ ئەگەر هیچ خودایەک و هیچ شوناسێکی تاکەکەسی و هیچ سروشت و هیچ کۆتوبەندێکی مرۆیی لەنێو کۆمەڵگا و یاسادا بوونی نەبێت، کەواتە چیتر هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕێگەپێدراو و مەحاڵدا بوونی نییە. لە بنەمادا، بوونی نائاسایی، واتە بوونی ژولیەت، واتە بوونی پاڵەوانە سادییەکان، واتە بوونێک کە دەشێت هەموو شتێک لە دەرەوەی هەموو نۆرمێکدا بە بەردەوامی و بێ پچڕان لە هەر چرکەساتێکدا ڕوو بدات. کەواتە ئەمە یەکەم دەستنیشانکردنی ئەو شتانەیە کە گوتارن، ئەو گوتارانە بە چوار تێزی نێگەتیڤەوە کە پێناسەی بوونی نائاساییی کارەکتەری سادی دەکەن، لێرەوە ئیتر هەوڵ دەدەین سەبارەت بە ڕۆڵی گوتار پرسیار بورووژێنین، ئەم گوتارانە بە کەڵکی چی دێن. بۆچی ئەم گوتارانە چوار تێزی نێگەتیڤیان هەیە؟ بۆ ئەم گوتارانە دێنە بەرباس؟ چ ڕۆڵێک

دەگێڕن، ئینجا پەیوەندییان لەگەڵ ئارەزوودا لە ڕێگای ئەم جۆرە میکانییکییە کە دەبێتە هۆکاری ورووژاندنی سێکسی بە شێوەیەک کە ئەم دیسکۆرسانە دەبن کاریگەری و سیمبوول چییە؟ وەک گریمانەیەک، بۆ ئاسانکاری چوار ڕۆڵی ئەم گوتارە سادییانە لێک جیا دەکەمەوە.

یەکەم ڕۆڵ: ئاشکرا و ڕوون و واتادارە. ئەم گوتارانە، پێش دیمەنی سێکسی گروپ و شەهوەتبازی و تاوانەکان دەکەون. بۆچی؟ بۆ ئەوەی کارەکتەر چاوپۆشی لە هیچکام لە ئارەزووەکانی نەکات و نەهێڵێت هیچ بابەتێک لە دەستی دەرچێت کە پێشتر مەبەستی بووە. گوتارەکان، لە چوارچێوەی ئەم یەکەم ڕۆڵەدا، لەپێناو ئەم ڕۆڵانەن: 1/ سڕینەوەی هەموو سنوورەکان، سڕینەوەی هەموو ئەو سنوورانەی کە دەشێت ئارەزوو بەریانکەوێت، دڵنیابوونیش لەوەی هیچ ئارەزوویەک چاوپۆشی لێ ناکرێت؛ 2/ دڵنیابوون لەوەی کەس هیچ شتێک لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی و خودی خۆیدا نەکاتە قوربانی و هەرگیز هیچ شتێکیش لەپێناو بەرژەوەندیی ئەوانی تردا نەکاتە قوربانی؛ بە واتایەکی تر، ئارەزووەکانم دەبێت بە تەواوەتی

بەدی بێن؛ دووەم شت، ئارەزووەکانم دەبێت بەردەوام لەپێشینە بن؛ سێیەم شت، بوونی من دەبێت بە شێوەیەکی ڕەها ڕزگار بکرێت. ئەمە ئەو شتەیە کە کارەکتەری ساد پێش دیمەنی شەهوەتبازی دووبارەی دەکاتەوە، ئەو شتەیە کە بۆ خۆی دووبارەی دەکاتەوە، هەمان ئەو شتەیە کە بۆ قەناعت پێکردن و ڕاهێنانی ئەوی تر دەیڵێت: «تۆ چاوپۆشی لە هیچکام لە ئارەزووەکانت ناکەی، هیچکام لە بەرژەوەندییەکانت ناکەیتە قوربانی، وەک مەسەلەیەکی ڕەها گرنگی بە ژیانت دەدەی». گەر کەمێک لەم ڕۆڵە سادە و ڕوونەی یەکەم بڕوانین، لەوە تێدەگەین کە گوتار، گوتارێکی فەلسەفی بە خۆی دەبەخشێت، هاوشێوەی ئەو بەڵگەهێنانەوەیە دوور و درێژەی "نابوون"، تێدەگەین کە ئەم گوتارەیش بەپێی پێویست سەرسووڕهێنەرە، چونکە لە بنەمادا بریتییە لە ئاوەژووکردنەوەی وشە بە وشەی ڕۆڵی گوتاری فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی ڕۆژئاوا.

لە ڕۆژئاوا، ڕۆڵی گوتار، یاخود گوتاری ئایدیۆلۆژیک، ڕۆڵێکی خەسێنەر بووە. بەو واتایە لە ئەفلاتوونەوە، ئەم ڕۆڵە بریتی بووە لە دامەزراندنی شوناسی تاک لەسەر

چاوپۆشی کردن له بهشێک له خۆی. گوتاری فهلسهفی و ئایینی له سهردهمی یۆنانهوه بهم شێوهیه بووه: تۆ ئهگهر چاوپۆشی له بهشێکی خۆت بکهی ههرگیز به شێوهیهکی تهواوهتی نابیت به خودی خۆت. سهرهتا، تۆ لهلایهن خوداوه ناناسرێیتهوه، ههرگیز لهلایهن ئهوهوه ناوت لێ نانرێت، ههرگیز لهلایهن ئهوهوه بانگ ناکرێیت، تۆ ههرگیز به شێوهیهکی ئهبهدی لهلایهن ئهوهوه ههڵنابژێردرێیت؛ ئهبهدیهت ههرگیز ناوی تۆ گۆ ناکات گهر بێت و چاوپۆشی له جیهان، له جهسته، له کات، له ئارهزوو نهکهی. ئینجا (هێشتا له ڕۆژئاوا ئهم گوتاره فهلسهفی و ئایینییه دهوترێتهوه)، تۆ هیچ پێگهیهکت لهنێو کۆمهڵگادا نابێت، تۆ هیچ ناو و ناونیشانێکت لهنێو ئهوانی تردا نابێت، تۆ ههڵگری هیچ ناوێک نابیت، ناوێکی تاقانه، له ئهنجامدا تۆ له شیاویهتییهکی جهمعی تاوانکاری و شێتی ههڵدێیت؛ تۆ هیچ ناو و ناوبانگێکت نابێت ئهگهر به شێوهیهکی جیا و تاک بوونت ههبێت، تهنیا لهو کاتهدا نهبێت که چاوپۆشی له ئارهزوو و ئیرادهی کوشتن و فهنتازیاکان و جهسته و یاسای جهستهت نهکهن. گوتاری فهلسهفهی و گوتاری ئایینی و گوتاری تیۆلۆژی، گوتارێکی خهسێنهره و له

پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا دەتوانین بڵێین گوتاری ساد ڕۆڵی دژەخەسێنەری هەیە ئەویش نەک بە واتای تیپەڕاندنی ساتی خەساندن، بەڵکوو بە واتای نکۆڵیکردن، واتە نکۆڵیکردن و ڕەتکردنەوەی خودی خەساندن. ئەمەیش تەنیا لەبەر ئەو ڕۆڵە سادەیە لەنێو نەفیدا: گوتاری سادی نکۆڵی لە هەموو ئەو شتانە دەکات کە گوتاری فەلسەفی و ئایینی دەیانویست بیسەلمێنن. گوتاری ئایینی و فەلسەفی لە ڕۆژئاوادا بەردەوام بە هەر شێوازێک بووبێت ویستوویانە خودا بسەلمێنن، ڕۆح بسەلمێنن، هەمیشە یاسا و سروشت بسەلمێنن. گوتاری سادی نکۆڵی لە هەموو ئەم شتانە دەکات. بەپێچەوانەوە، گوتاری فەلسەفی ڕۆژئاوا، لەسەر بنەمای ئەم چوار سەلماندنە سەرەکییە، ئەم چوار بانگەشە فەلسەفەییە، جۆرە حوکمێکیان هێناوەتە کایەوە کە نەفی بووە: گەر خودا بوونی هەبێت، تۆ ئەم شتە ناکەی؛ ئینجا لەبەر ئەوەی ڕۆحت بوونی هەیە کەواتە تۆ مافی کردنی ئەو شتەت نییە؛ ئینجا چونکە یاسا هەیە، تۆ مافی چاوپۆشی لەو شتەت نییە؛ ئینجا سروشت هەیە، نابێت پێشیلی بکەی؛ بە واتایەکی تر، گوتاری فەلسەفی ڕۆژئاوا، لەسەر بنەمای ئەم چوار بانگەشە سەرەکییە، چوار سەلماندنی سەرەکی،

نەفییان[27] هێناوەتە نێو نەزمی ئەخلاق[28]، نێو یاسا، نێو حوکمەوە. لە ئاست ئۆنتۆلۆژیدا، میتافیزیکی ڕۆژئاوایی بەڵێکەر بووە؛ لە ئاستی حوکمیشدا نەفی بووە؛ بەپێچەوانەوە، ڕۆڵی گوتاری سادی ئاوەژووکردنەوەی نەفی بووە، نکۆڵیکردن بووە لە هەر شتێک بەڵێی بۆ کراوە: خودا بوونی نییە. لە ئەنجامدا سروشت بوونی نییە، یاسا بوونی نییە، ڕۆح بوونی نییە و لە بەرئەنجامدا هەموو شتێک ڕێی تێدەچێت و هیچ شتێک لەنێو نەزمی حوکمدا[29] چیتر ڕەت ناکرێتەوە.

بە کورتی، دەتوانین بڵێین چوار جۆر گوتار بوونی هەیە. سەرەتا، گوتاری نەست، ئەگەر بێتو بڕوا بە فرۆید بکەین، ئەمەیان بە تەواوەتی ئەرێنییە. نەست پێداگری لەسەر ئەو شتانە دەکات کە لە هەمان کاتدا ئارەزوو پێداگیری لەسەر ئارەزوو دەکات؛ کەواتە دوو پێداگری و بەڵێکردن لە ئاستی ئارەزوو و بووندا هەیە. لە دیوە ڕەهاکەی تردا، ئێوە گوتاری شیزۆفرێنیتان هەیە کە نکۆڵی لە هەموو شت

[27]La négation
[28]L'ordre de la morale
[29]L'ordre de laperscription

دەکات. هیچ شتێک بوونی نییە (جیهان بوونی نییە، سروشت بوونی نییە، من بوونم نییە، ئەوانی تر بوونیان نییە) و ئەم نەفییە نەفی ئارەزوو لەخۆ دەگرێت: ئارەزووی هیچ ناکەم. کەواتە ئێوە گوتاری نەستتان هەیە کە بە تەواوەتی ئەرێنییە لەگەڵ گوتاری شیزۆفرێنی کە بە تەواوەتی نەفییە. گوتاری ئایدیۆلۆژیک یان فەلسەفی یان ئایینیتان هەیە  کە لەنێو نەزمی هەقیقەتدا ئەرێنییە و بەڵێکەرە (خودا، سروشت، جیهان و ڕۆح بوونی هەیە) و لەنێو نەزمی ئارەزوودا نکۆڵی دەکات ـ «لە ئەنجامدا، تۆ ئارەزوو ناکەی، لە بەرئەنجامدا تۆ چاوپۆشی دەکەی». ئینجا وەک چوارەم گوتار، ئێوە گوتاری لیبێرتینتان هەیە، گوتاری لیبێرتین پێچەوانەی گوتاری ئایدیۆلۆژییە، کە دەتوانین بە گوتاری لادەریش ناوی ببەین. ئەمە ئەو گوتارەیە کە نکۆڵی هەموو ئەو شتانە دەکات کە گوتاری فەلسەفی بەڵێی بۆ دەکات و پێداگری لەسەر دەکات، کە لەنێو نەزمی بانگەشەدا نکۆڵی دەکرێت و لەنێو نەزمی حوکمدا بەڵێ دەکات، کاتێک دەڵێت: خودا بوونی نییە، ڕۆح بوونی نییە، سروشت بوونی نییە، کەواتە ئارەزوو دەکەم. هەر بۆیە، یەکەم ڕۆڵی ئەم گوتارە، بریتییە لە خۆ

دروستکردن وەک گوتارێکی لیبێرتین، واتە وەک گوتارێک کە لە هەناوی گوتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا جێگۆڕکێ بە سیستمی نەفی دەکات، ئەو گوتارەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئارەزوودا ڕۆڵێکی گەورەی خەساندن دەبینێت.

دووەم ڕۆڵی گوتاری ساد، ئەمەیە: لەنێو کۆی دەقەکانی 'ساد'دا، گوتاری لیبێرتین، بە شێوەیەکی ئاشکرا لەلایەن کارەکتەری ئەرێنیی 'ساد'دا دەخرێتە ڕوو. واتە لەلایەن خودی لیبێرتینەوە؛ بەڵام نەک سەبارەت بە قسەکەر، بەڵکوو سەبارەت بەو کەسەی خۆی بەردەنگی گوتارەکەیە، گوتاربێژ، لە زۆر حاڵەتدا ڕوو دەدات کە قوربانیی داهاتوو خودی گوتاربێژ بێت. بە قوربانیی داهاتوو بڵێن: خودا بوونی نییە، ئەگەر قەناعەت بەم هەقیقەتە بکەی، لە ئەشکەنجەدان ڕزگارت دەبێت. ئەوەی جێی سەرەنج بێت، هیچ قوربانییەک دەرفەتی قەناعەت پێکردنی نییە و، سەرەڕای ئەو هەڕەشە ئاشکرایەی کە لەسەریانە بەرانبەر بەم گوتارە نابیست(کەڕ) دەردەکەون. بە هەر حاڵ ئەم گوتارە لەلایەن سادەوە وەک گوتار خراوەتە ڕوو، کە نەک بەرئەنجامەکانیشی زۆر دروستە، بەڵکوو لە پەرەسەندنیاندا

زۆر توندە و ساد بەردەوام ئەمانە دووبارە دەکاتەوە و هەر کە کەمێک سەرەنجیان بدەین ناتوانین قەناعەتیان پێ بهێنین. هەر بۆیە لەنێو ڕۆمانەکەیدا، هێزی قەناعەت پێکردن بەدی ناکەین، چونکە لەنێو تەواوی بەرهەمەکانی ساد هەرگیز کەسێک بەدی ناکەین قەناعەتی کردبێت. لە ڕاستیدا، گوتاربێژەکان، ئەوانەی بەردەنگی گوتارەکانی سادن، ڕەنگە هەر خۆیان قوربانی بن؛ بەڵام ئەم گوتارانە ئەوان دەکاتە ئامانج نەک ئەوەی وەک گوتاربێژییەکی ڕاستەقینە دەرکەون. گوتاربێژی ڕاستەقینە، ئەو لیبێرتینەی ترە کە لەوێیە، یان لەوێ نییە ـ یان کەسێک کە زیاتر بەم گوتارە قەناعەت دێنێت چونکە پێشتر پێشگریمانە بنەڕەتییەکانی قبووڵ کردووە؛ هەر بۆیە ئەو هەر خۆی پێش چەند پەڕەیەک ئەم گوتارەی خستووەتە ڕوو. لە ئەنجامدا: یارییەکە کۆتایی پێ هاتووە: گوتار قوربانی دەکاتە ئامانجی خۆی، بەڵام لەژێر ناوی گوتاربێژێک بۆ لیبێرتنێکی تر کە پێشتر قەناعەتی هێناوە. لە ڕاستیدا گوتاری ساد مومارەسەی جۆرە ئەرکێکی قەناعەتپێکەرانە ناکات، بەڵکوو مەسەلەکە بە تەواوەتی شتێکی ترە. بۆیە لە ڕاستیدا گوتار بەردەنگی لیبێرتینێکە بۆ لێبێرتنێکی تر.

ئینجا سەرەڕای ئەمانەش ئەگەر بێتو قوربانییەکان قەناعەتیان کردبێت ئەوا چیتر نابن بە قوربانی و چیتر ناکرێت یاری بە ئەوان بکرێت و ئەمەش زۆر وەڕەسکەر دەبێت، بۆیە لە ئەنجامدا نابێت ئەم قوربانییانە قەناعەت بهێنن و دەبێت گوتار ڕۆڵی قەناعەتپێهێنانی نەبێت؛ کەواتە ڕووی گوتار لە لیبێرتینەکانی ترە، بەڵام بۆچی ئەوان پێشتر قەناعەتیان هێناوە؟ پێم وایە ئەم گوتارە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە جۆرێک وەک مەدالیایەکی ڕێزلێنان بەکار دێت، نیشانەی ڕێزلێنان؛ لە کۆتاییدا ئەم شتە بۆ دروستکردنی سنوورێکی جیاوازییە لەنێوان لیبێرتینەکان و قوربانییەکان. لە ڕاستیدا دوو شت هەن کە یەکێکیان: ئەوەیە کەسێک ملکەچی چوار تێزەکە دەبێت، چوار نەفی بنەڕەتی و، لەم چرکەساتەدا ئەو کەسێکی لیبێرتینە؛ ئەوی تر  ئەو کەسەیە هەر چوار تێزەکەو ئەو پەیوەستبوونەی نێوانیان قبووڵ ناکات، یەکێکیان لەبەرچاو ناگرێت، بۆیە ئەو دەبێت بە تاکێک، تاکێک کە لیبێرتینێکی ڕاستەقینە نییە و دەتوانین ئەو لە ڕیزی قوربانییەکاندا دابنێین. لە ئەنجامدا، ئەم چوار گوتارە دەکەونە خزمەتی نیشانە، تاقیکردنەوە، جۆرە تاقیکردنەوە و جیاکاری و جیاوازی، لەپێناو زانینی ئەوەی

ئایا کەسێک دەکەوێتە ڕێزی قوربانییەکان یاخود دەبێت لە ڕێزی لیبێرتینەکان پۆلێنی بکەین. هەر بەم شێوەیەشە کە زۆر جار ئێوە ئەم گوتارە بەناوبانگانە بەدی دەکەن کە لەژێر ناونیشانی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست[30]دا پەرە دەسێنێت.

کاتێک مینسکی[31] واتە ئەو دێوزمە مرۆڤخۆرە لەگەڵ ژولیەتی باشدا دیدار دەکات، کۆمەڵێک پرسیاری لێ دەکات. لێی دەپرسێت: «ئایا تۆ ئیمانت بە خودا نییە؟» ژولیەت دەڵێت: «بە دڵنیاییەوە نیمە»، تاقیکردنەوەکە بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێت، مینسکی، ژولیەت وەک لیبێرتینێک دەناسێت، لیبێرتینێک وەک خۆی، لە ئەنجامدا ژولیەت دەستدرێژی ناکرێتە سەر. بە دڵنیاییەوە ژولیەت تووشی چەند حاڵەتێکی توندوتیژی و دەستدرێژی دەبێت، بەڵام ناکوژرێت؛ نایخۆن و هتد. هەر بۆیە ئەو دەکەوێتە ڕێزی لیبێرتینەکانەوە.

[30]Examen probatoire
[31]Minsky

ئینجا هەر لەنێو ئەم بەرهەمەدا، ڕۆڵێکی جیاوازی تر لەنێو ئەم ڕۆڵە گشتییەی دەستنیشانکردنی لیبێرتینەکاندا لەنێوان خۆیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان بۆ زانینی ئەوەی کە هێشتا کامیان لەو ئاستەی لیبێرتینیدا ماون، داو بۆ یەکتر دادەنێن. لە تاقیکردنەوەکان خۆیان بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنین و داو بۆ یەکتر دادەنێن؛ سەرقاڵی جۆرە کۆمێدیایەکی تیۆری دەبن. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ یەکێک لە دوایین دیمەنەکانی ژولیەت بکەین: ژولیەت جارێکی تر نوارسەی[32] دەبینێتەوە و نازانێت ئایا ئەو لەنێو هەمان حاڵەتی ڕۆحی پێشوویدا و هەر بە لیبێرتینی ماوەتەوە. هەر بۆیە ژولیەت بە ئەو دەڵێت: «هاتووم فۆندانی گچەکە ببەم کە ئەویان بە هەموو داراییە زۆرەکانی دایکییەوە ڕادەستی من کردووە؛ من بڕیارم داوە ئەو و داراییەکانی لە خۆم بگرم و هاوسەرگیرییەکی شکۆداری بۆ ڕێک بخەم بەو شێوەیەی کە بەڵێنم بە دایکی داوە». لەو ساتەدا، نوارسەی حەپاسەوە و بە خۆی دەڵێت کە ژولیەت گۆڕاوە، نوارسەی گومانی خراپی لا دروست دەبێت؛ لە سەرەوە باسمان کرد

[32] Noirceuil

کە نوارسەی لەنێو هەمان حاڵەتی پێشوویدایە (ئینجا ئەو لە بینینی ئەم هەستە باشانە قەلەق و تەنانەت تووڕەیشە)، ژولیەت دڵنیا دەبێتەوە. ژولیەت تێدەگات نوارسەی لە هەمان ئاستی لیبێرتینیدا ماوەتەوە. بۆیە لەناکاو، ئەم دوو لیبێرتینە دان بە یەکتردا دەنێنەوە، هیچ کامیان ناکەونە نێو ئەو داوەوە کە بۆ یەکتریان داناوە.

زەروورەتی داودانان زۆر گەورەیە، چونکە نابێت لەم چوار تێزە وەک چوار خاڵی دۆگما بڕوانین کە بە جارێک بۆی ملکەچ بوون، ئەوا بۆ هەمیشە قبووڵیانە؛ ئەم تێزانە تەنانەت بەرئەنجامێکی حاشاهەڵنەگر و پێویستی بەڵگەهێنانەوەیەکی بێ خەوشیش نین. لە بنەمادا ئەم چوار تێزە ئەرکە ئەخلاقییەکانن و، لە هەر چرکەساتێکدا ئەوە ڕوو دەدات کە لیبێرتینێک تەنانەت لیبێرتینێکی زۆر توندیش لە یەکێک لەم چوار تێزە هەڵدێت چونکە زۆر ئەستمە بە جارێک هەر چوار تێزەکە ڕاگریت بێ ئەوەی دانەیەکیانت بیر نەچێت و بە چڕی بیریان لێ نەکەیتەوە. هەر لە چیرۆکەکەی ژولیەتدا زۆر جار ئەوە ڕووی داوە کە لیبێرتینێک دانەیەک لەم چوار تێزەی فەرامۆش کردووە و لە ڕێزبەندی لیبێرتینە

ڕاستەقینەکان هاتووەتە دەرەوە. ئینجا کەسێکی زۆر بەرچاو هەیە بە ناوی کۆردێلی[33] کە لەنێو دیمەنێکی زۆر بەهێزدا، دەستدرێژی دەکاتە سەر کچەکەی خۆی و دەیکوژێت و دەیبرژێنێت و دەیخوا، کۆردێلی یەکێک لە نیشانە گەورەکانی لیبێرتینی دەدات بەدەستەوە، پاش ئەم دیمەنە، لە ژوورێکی بچووکدا خەڵوەت دەگیرێت. ژولیەت دەبینێت کە چی ڕووی داوە و هەست دەکات کۆردێلی پاشگەز بووەتەوە لەو شتانەی کردوویەتی و لای خودا نزا دەکات، ئەویش بۆ ئەو حاڵەتەی ئەگەر خودا بوونی هەبێت لە بری ئەو شتانە لێی ببورێت کە کردوویەتی. هەر بۆیە کۆردێلی لە هەمبەر هەبوونی خودا لە یەکەم تێز خۆی دەدزێتەوە، لە ئەنجامیشدا ئەو چیتر لیبێرتینێکی باش نییە، چیتر ئەو لیبێرتین نییە و بۆیە دەکوژرێت. ئەمە شتە لە شوێنی تریشدا بۆ سەن- فۆن[34] ڕووی داوە. ئەویش بۆ ماوەیەکی باش توانیبووی هەر چوار تێزەکە لای خۆی بهێڵێتەوە بەڵام لە یەکێکیان خۆی دزییەوە، ئەوەشیان نەک سەبارەت بە نەبوونی خودا بەڵکوو سەبارەت بە نەمری

33Cordely

34Saint-fond

ڕۆح بوو. سەن – فۆن ئەم ئیشەی کرد: لەو ساتەدا کە یەکێک لە قوربانییە ژنەکانی خەریک بوو دەمرد، ئەوی خستە نێو ژوورێکی تایبەتەوە، وای لێ کرد کە کوفری[35] زۆر گەورە بکات، ئەو کوفرەی ئەگەر بێت و ڕۆحی بە شێوەیەکی ئەبەدی نەمر بێت، ئەوا ئەم ڕۆحە بە شێوەیەکی ئەبەدی نەفرەتلێکراو دەبێت. ئینجا سەن – فۆن دەڵێت: «بەڵام ئەمە ئەشکەنجەیەکە کە جێی ستایشە، لەبەر ئەوەی ڕۆح نەمرە، من هەوڵم دا قوربانییەکەم ئازار بدەم، ئەویش نەک لە ماوەی ژیانیدا، بەڵکوو لە هەموو ئەو ئەبەدیەتەی کە بۆ ئەو دەمێنێتەوە». هەر بۆیە ئەم لوتکەی ئازار و ئەشکەنجە بوو؛ ژولیەت و کلێرڤیل بەباشی ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم ئەبەدیەتەی ئەشکەنجە تەنیا لە ساتەوەختێکدا ڕۆح نەمر بێت قابیلی تێگەیشتنە؛ ئەمە دەیسەلمێنێت کە سەن–فۆن لەو تێزە خۆی دزیوەتەوە کە ڕۆح ئەبەدی نییە؛ بۆیە لە ئەنجامدا دەبێت سەن – فۆن سزا بدرێت… هەر بۆیە بە شێوەیەکی ڕاشکاو لەلایەن نوارسەی سزا دەدرێت. هەر بۆیە ڕۆڵی نیشانەی ڕێزلێنان، ڕۆڵی

[35]blasphème

دەستنیشانکردن و جیاکاری و ڕۆڵی تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی بەردەوام نوێ دەکرێتەوە.

ئەم ڕۆڵی جیاوازییە زۆر گرنگە؛ چونکە بە بڕوای من ئەم ڕۆڵە دوو زنجیرە بەرئەنجام لەخۆ دەگرێت. ڕێگە بۆ بەڵێکردن بۆ ئەم تێزانە خۆش دەکات؛ بەشداربوون لەم تێزانە و بەردەوامی لە دووبارەکردنەوەیان ڕێگەخۆش دەکات بۆ جیاکردنەوەی دوو کاتیگۆری تاک: ئەوانەی بە قوربانی ناو دەبرێن، واتە ئەو تاکانەی کە بە جۆرێک دەکەونە دەرەوەی گوتارەوە، کە لە دەرەوەدا دەمێننەوە، کە هەرگیز قەناعەتیان نەهێناوە و هەرگیزیش قەناعەت ناهێنن. ئەمانە لەبەر ئەوەی دەکەونە دەرەوەی گوتارەوە، دەبنە جۆرە بابەتێکی ناکۆتا، واتە ئارەزووی لیبیێرین بە شێوەیەکی ناکۆتا لەسەر ئەوان تاقی دەکرێتەوە، لەسەر جەستەیان، لەسەر بەشبەشی جەستەیان، لەسەر هەر سەنتیمەترێکی ئەناتۆمی جەستەیان، لەسەر هەر ئەندامێکیان. توندوتیژی و دەستدرێژیی یەکەم بە شەوێک ئەم شتە کۆتایی نایەت تاکوو چالاکی کارەکتەری سادی لەسەر قووڵاییی ئاناتۆمی جەستەیان مومارەسەی

نەکردبێت، کاتێک تاکێک بەر دەستدرێژی دەکەوێت، پارچە پارچە دەکرێت، کەوڵی دەگرنەوە، کاتێک دڵی قووت دەدەن و دەیخۆن کاتێک هەموو ئەو شتانەی لە ناوەوەی جەستەیە دەکەوێتە دەرەوە، یەک پارچەی تەواو لە لەشی بوونی نامێنێت؛ ئەم دابەشکارییەکی ناکۆتایە لەلایەن ئارەزووی ئەوی ترەوە، لەسەر جەستەی کەسێک کە دەکەوێتە دەرەوەی گوتارەوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر بکەونە دەرەوەی گوتار، جەستەتان بە شێوەیەکی ناکۆتا دەبێتە بابەتی ئارەزوو، واتە بە شێوەیەکی ناکۆتا دەبێتە بابەتی ئازار و ئەشکەنجە و لەت و پەتکردن و بڕین و پارچەپارچەبوون؛ ئەمە پارچەپارچەبوونێکی ناکۆتای جەستەی کەسێکە کە کەوتووەتە دەرەوەی گوتارەوە؛ لەم ساتەدا کە کەوتووینەتە دەرەوەی گوتار، جەستە یەکێتیی خۆی لە دەست دەدات، جەستە چیتر پێکهاتەی نییە، دەسەڵاتی نییە؛ جەستە چیتر یەک نییە و دەبێتە تاقە بابەتی ئارەزوویەک کە بەردەوام لە تەشەنەکردندایە، لە بەرانبەر توندوتیژیی ئەوی تردا خۆی پەرە پێ دەدات و لەناو دەچێت، ئەمە ئەو شتانەیە بۆ قوربانی.

بە کورتی، لیبێرتینەکان و هاوبەشەکان بوونیان هەیە، واتە ئەوانەی لەنێو گوتاردان؛ ئەوانەی وا هەر چوار تێزەکەیان قبووڵ کردووە و و خۆیان لەنێو هەناوی ئەم چوار تێزەدا ڕادەگرن. ئەی بۆ ئەوان چی ڕوو دەدات، چی بەسەر جەستەیاندا دێت؟

هەر لە سەرەتادا بڕیار نییە ئەوان بمرن. واتە هەر لەو کاتەوەی کە کەسێک وەک لیبێرتین دەستنیشان کرا واتە مرۆڤێک کە هەڵگری هەر چوار تێزەکە بێت، چیتر ناکوژرێت. لە لایەکی ترەوە دەتوانین جەستەی بەکار بهێنین، تەنانەت ئەو ناچارە جەستەی بە قەرز بە ئێوە بدات، بەڵام جەستەی بە شێوازێکی تەواو جیاواز دەبەخشێت. ئەو دەمی خۆی دەدات، عەورەتی خۆی دەدات، ئەو ئەم پارچە یان ئەو پارچەی لەشی دەبەخشێت کە بووبێتە چێژ بۆ هاوبەشەکەی، بەڵام ئەم شتە بەردەوام بە شێوەی یەکپارچەیی ئەندامێتی جەستە بە قەرز دەدرێت و دەبێت بگەڕێندرێتەوە. هەر بۆیە کەسێک جەستەی لیبێرتین بەکار دەهێنێت ـ لیبێرتینێکی تر ـ ئەوا ئەویش بەپێی خۆی لە کاتی پێویستیدا دەبێت بەشێکی هاوبەشەکە لە جەستەی خۆی بە

قەرز بە ئەوی تر بدات. بەم شێوەیە ئەمە بریتی نییە لە پارچەپارچەبوونێکی ناکۆتا (هاوشێوەی حاڵەتی قوربانییە ژنەکان)، بەڵکوو پارچەپارچەبوونێکی ئەندامییە. لیبێرتینێک بۆ لیبێرتینێکی تر، لەنێو گوتاری چوار تێزدا، نابێتە بابەتێکی ناکۆتا هاوشێوەی قوربانی، بەڵکوو دەبێتە بابەتێکی لاوەکی. هەر بۆیە ئەم گوتارە ڕێگە خۆش دەکات تاکوو بابەتی ئارەزوو و بابەتە ناکۆتاکان و پاشان بابەتە لاوەکییەکانی ئەوان دەستنیشان بکەین، واتە دابەشبوونیان لەسەر بنەمای ئەناتۆمی و پاراستنی یەکپارچەبوونی جەستە و یەکپارچەبوونی ژیان. لیبێرتین لەبەر هۆکاری بە قەرزدانی جەستەی خۆی نامرێت، کەچی قوربانی بەردەوام لەبەر هۆکاری ئەم دابەشکردنە ناکۆتایەی جەستە دەمرێت. هەر بۆیە دووەم ڕۆڵی گوتار بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆر بابەتە ئێرۆتیکییە: بابەت ـ هاوبەشی یا خود بابەت ـ لاوەکی و، بابەت ـ قوربانی یان بابەتی ناکۆتا.

لێرەدا خێرا ئەم دووەم بەرئەنجامانە بەدی دەکەن کە لە ئەنجامی ئەم دوو کێشە گەورەیەدا دەکەوێتەوە. لە ڕاستیدا، لە یەکەم ئەرکی گوتاردا، ئێمە توانیمان هەموو ئەو

بەربەستانە لادەین کە دەبوونە سنووورداکردنی ئارەزوو؛ ئێستا ئەم ڕۆڵ و ئەرکەی دووەم، واتە لە دەستنیشانکردنی دوو جۆر بابەتی وەک قوربانی و هاوبەش، سنووردارییەک پەیدا دەبێت، لە ڕاستیشدا دوو سنووورداری لە دیوی بابەت ـ قوربانی، بابەتی ناکۆتا بە شێوەیەکی پێویست لەناو دەچێت، دەمریت، بە شێوەیەکی ناکۆتا ئەناتۆمیزە دەبێت، هیچی لێ نامێنێتەوە تا دەگاتە ئەو چرکەساتەی کە ئارەزوو بۆ ئەم قوربانییە بەر سنووری لەناوچوون دەکەوێت. قوربانی چیتر بۆ تێرکردنی ئارەزوو لێرە نییە، لە لایەکی ترەوە من مافی ئەوەم دەبێت دەست لە هاوبەشی ژیانم بدەم، بەو واتایەی کە دەتوانم بەشێک لە جەستەی ئەو بە قەرز وەربگرم و لەگەڵ ئەوەشدا مافی کوشتنی ئەوم نییە. لە**نێو کۆمەڵگای هاوڕێیانی تاواندا**[36]، ماددەی دووەم پێک دێت لەمە: دزی لەنێو کۆمەڵگادا ڕێگەپێدراوە، بەڵام کوشتن تەنیا لەنێو کۆشکەکاندا[37] ڕێگەپێدراوە، کۆشکەکان ئەو شوێنەن کە قوربانییەکانیان تێدا زیندانی دەکرێت. لەوێدا کوشتن ڕێی تێدەچێت، بەڵام لەنێو لیبێرتینەکاندا کوشتن

---

[36]la société des des amis du crime
[37]sérails

بوونی نییە؛ کاتێک ژولیەت کۆشکەکەی مینسکی لە ئیتالیا جێ دەهێڵێت، واتە ئەو شوێنەی کە ئەو بە جارێک هەم زیندانی و هەم دەسەڵاتدار بووە، کەسێک ئامۆژگاری دەکات تاوەکوو مینسکی بکوژێت چونکە ئەم شتە زۆر ناوازەیە، ژولیەت لە وەڵامدا دەڵێت زۆر ناوازەیە بەڵام مینسکی لیبێرتینە و لە ئەنجامدا ئەو نایکوژێت؛ چونکە ژولیەت مافی کوشتنی ئەوی نەبووە؛ لێرەدا بەر سنووردارییەکی تری ئارەزوو بووینەوە.

واتە لە ئەنجامدا دوو سنوورداری هەیە: گەر بمەوێت بابەتی ئارەزووی خۆم بپارێزم، دەبێت ئەمەش بۆ خۆم بە یەکسان بزانم، چونکە ئەویش لیبێرتینە، بە پێچەوانەشەوە، گەر بمەوێت ئەو کەسێکی قوربانی بێت، ئەوا بە شێوەیەکی ناکۆتا دەستی بەسەردا دەگرم، دەیکوژم و ئەو چیتر بوونی نامێنێت. لە ڕێگای ئەم شتەوەیە کە ئێمە سێیەم ڕۆڵی گوتار لای ساد بەدی دەکەین. ئەرکێک کە من ناوی لێ دەنێم مەبەست.

لە ڕاستیدا لەنێو کۆی ئەم گوتارانەدا، چەند شتێکی پارادۆکساڵ بوونی هەیە. گوتار لەژێر فۆرمێکدا یان

فۆرمێکی تری جیاوازدا، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ئەم چوار بانگەشەیەی "نابوون"ە (خودا، ڕۆح، تاوان[38] و سروشت بوونیان نییە). گەر گریمانی ئەوە بکرێت خودا بوونی نییە، ئاشکرایە کە ئایین ئیتر هیچ شتێکی نییە فێری من بکات یان یاساغی بکات؛ هەر بۆیە هەموو شتێک دەشێت خەیاڵپڵاو و وەهم و هەڵە بێت و هتد. لە ئەنجامدا، ئەگەر خودا بوونی نەبێت، بۆ کەسێکی لیبێرتین و لە قەناعەتی بەم نابوونەدا، دەشێت ئارەزوویەکی هەبێت؟ بۆ نموونە لە کەنیسەدا سێکس بکەن، یاخود بەهرەمەند بن لە نانی پیرۆز؟ گەر سێکس لەگەڵ کەسانی مەحرەم، تاوانی سێکس لەگەڵ کەسانی مەحرەم بوونی نەبێت، چۆن دەکرێت چێژ لە سێکسکردن لەگەڵ کەسانیماڵباتەکەی ببات؟ کەچی لە هەر ساتێکدا کەسایەتییەکانی ساد بەدی دەکەین کە ئەوپەڕی ئارەزوو و چێژ دەبینین لەم جۆرە شتانە. لێرەدا من بە وردی باسی ئەو بەشەی برێساک[39] دەکەم:

[38] لە پەڕەکانی پێشوو فوکۆ ئەمەی بە نەبوونی یاسا ناو بردبوو.

[39] Bressac

بریساک ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆ ژولیەت کە لە بنەمادا هیچ هێڵێکی سروشتی پەیوەندیی خێزانی بوونی نییە. دەی بەپێی ئەمە، دایک چییە؟ هیچ نییە! دایک، هەر زۆر بەسادەیی ئەویش ژنێکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یان شەوێک لەگەڵ کەسێکدا سێکسی کردووە، کەسێکە کە لەم پەیوەندییە چێژی وەرگرتووە واتە چێژێکی کەسی، ئینجا ئەنجامە فیزیۆلۆژیکییەکەشی لەدایکبوونی منداڵێک بووە. ڕەنگە بڵێین ئەو خواردنی بە منداڵەکە دابێت، بەڵام هەر ئەم شیرپێدانە خۆیشی هیچ نییە جگە لە تێرکردنی غەریزە یان پێویستییەکی فیزیۆلۆژی تەواو ئاژەڵییانە. باشترین بەڵگە و سەلماندنیش ئەوەیە ئاژەڵی مێینەش منداڵەکانی خۆیان تێر دەکەن. ڕەنگە بوترێت پەیوەندیی دایکایەتی دەکەوێتە سەروو ئەمانەشەوە، چونکە دایکیان چاودێری بەخێوکردنی و پەروەردەی منداڵەکانیشان دەکەن و هتد. بریساک بەم شێوەیە وەڵامی ئەمە دەداتەوە: ئەمەش دیسان بنەمایەکی پووچە؛ دایکان دەیانەوێت منداڵەکان سەرکەوتوو بن و فێری شتن بن و هتد، لە ئەنجامدا، گەر بە درێژاییی ژیان و گەشەکردنی منداڵان سەرەنجی ئەوان بدەن، بۆ ئەوەی بزانن چ پەیوەندییەکی عاتیفی لەنێوان دایک و منداڵدا هەیە، ئەوا

هیچ بەدی ناکەن جگە لە کۆمەڵێک چێژی بەدوایەکدا هاتووی وەک (چێژی جەستەیی، پێویستی فیزیۆلۆژی، چێژی خەیاڵپلاوی)، و هیچ شتێکی تر، لەنێو تایبەتمەندیی خۆیدا نابێتە هۆی درەخستنی پەیوەندیی دایکایەتی، واتە پەیوەندیی دایک – منداڵ کە پیرۆز و بێخەوش بێت.

پاش ڕوونکردنەوەی ئەم شتانە بریساک دەتوانێت بڵێت یان دەبێت بڵێت، لە بنەمادا ئەگەر پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان دایک و کوڕدا بوونی نەبێت، ئەوا سێکسکردن لەگەڵ دایک، لەگەڵ کەنیزەک یاخود لەگەڵ ئامۆزاکەیدا یان لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا هیچ جیاوازییەکی نییە؛ تاقە جیاوازییەک هەبێت دەشێت سەبارەت بە جوانی و گەنجی ئەو کەسە بێت. ئینجا دەبینین کە بریساک کەسێکی هۆمۆسێکسوالی زۆر توندە، بۆیە لە بەرئەنجامدا دەڵێت: «دایکم نەبووەتە ڕێگر بۆم تاوەکوو ئارەزووی هیچ ژنێکی تر نەکەم». هەر بۆیە لێرە، بریساک بۆ مەسەلەی هۆمۆسێکسوالیتییەکەی خۆی بنەما و کردارێکی ئاوارتەی دروست کردووە - تاقە ئاوارتەی ژیانی – دایکی، ئەو واقیعەیە کە دایکی ورووژانێکی سێسکی وەهای لا دروست دەکات کە لەو

ئاستەدایە کە لە نێربازی[40]دا لای دروست دەبێت. هەر بۆیە دەبینین کە دایکی ڕۆڵێکی تایبەتی لە ئاستی ئارەزووی ئەودا دەگێڕێت. چونکە ئەوە دایکێتیی ئەو ئارەزووی تێدا دروست دەکات و دایدەمرکێنێتەوە.

دەتوانین هەمان شت لێرەدا سەبارەت بە پاپا و خودا باس بکەین. ژوستین، کەمێک دوورتر لە ڕۆمانەکە، لەگەڵ پاپادا دیدار دەکات، ئەم دیدارە دەیترسێنێت، ئەم ترسە بە دڵنیاییەوە بەرئەنجامی ئەو گوتارە درێژەیە کە پاپا دەیڵێت: «خۆت باش دەزانیت خودا بوونی نییە، بۆیە من ئەوم بە زانین جێگۆڕکێ پێ کردووە!»، ئینجا لەو لاوە دەستی ژوستین دەگرێت و دەیباتە سەر گۆڕی سەن ـ پیەر لە کەنیسەی سەن ـ پیەر تاوەکوو لەوێ سێکسی لەگەڵدا بکات. ئێستا ئەگەر بێت و خودا بوونی نەبێت، ئەم شتە چ کەڵکێکی هەیە؟ ئایا ئێرە ئاسوودەتر نییە لە شوێنەکانی تر! ئەگەر گوتارێکی عەقڵانی، خودا، ڕۆح و سروشت و یاسا بسڕێتەوە (واتە هەموو ئەو شتانەی کە لە جیهانی مرۆییدا دەبێت ڕێزیان لێ بنرێت)، ئایا لە بنەمادا گوتار کۆی ئەو

[40] La sodomie

بابەتە پلە ئیمتیازانەی لیبێرتینی ناسرێتەوە کە بێڕێزین بە خودا، سروشتێکی لەنرخخراو و، پەیوەندییە مرۆییە بێڕێزکراوەکان و هتد؟

من پێم وایە لەم قۆناغەدا، دەبێت زۆر بەوردی شیکاریی گوتاری سادی بکەین. لەنێو ئەم گوتارانەدا، ژمارەیەکی دیاریکراویان هەیە کە جۆرێکن لە گوتاری سەدەی هەژدەم، واتە گوتارە «ژنێتیکییەکان[41]»، واتە لەو شوێنەی کە ساد دەڵێت: «خودا بوونی نییە، ئەمە خۆی خەیاڵێکە کە لە ئەنجامی ئەو ترسەی کە مرۆڤ بەرانبەر دیاردە سروشتییەکانی هەیبووە لەدایک دەبێت، هەر بۆیە بەرەبەرە لە ئەنجامی ئەم ترس و قەلەقییە، وێنەی خودا دروست دەبێت، هەر بۆیە زۆر ڕێز لەم خەیاڵە نانوێنین و ئەنجامەکەشی زۆر درێژە ناخەیەنێت». ئەمە جۆرێکە لە گوتارێکی تایبەتی عەقڵانی توندوتیژیی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم؛ بەڵام ئەم گوتارە زۆر دەگمەنە لای ساد. گوتارە مەزنەکە لای ساد بە شێوەیەکی تر بنیاتنراوە؛ ئەم گوتارە بە واتایەکی پێچەوانەوە دروست کراوە؛ لەوە پێک نایەت

[41]des discoursgénétiques

که بوترێت: «خودا بوونی نییە، کەواتە ئەو نە باشە نە چەپەڵە»؛ بەڵکوو لەمە پێک دێت: «خودا چەپەڵە، لە ئەنجامیشدا خودا چەپەڵە و لە خودایش دژوازتر نییە، ئەم خاوەن دەسەڵاتە ڕەهایە، بە شێوەیەکی ناکۆتا باشە، دەبێتە چەپەڵ... کەواتە دەبێت خودا بوونی نەبێت». ئینجا ساد ناڵێت: «پەیوەندیی دایکایەتی بوونی نییە، دایک ئەوەندە گرنگ نییە تا بپرسین و بزانین کە ئایا باشە یان خراپ، لەپێناو ئەوەی کە سێکسکردن لەگەڵیدا باش بێت یان خراپ». بەڵکوو دەڵێت: «دایکم لەگەڵ باوکم چێژی وەرگرتووە، دایکم بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە من لەدایک دەبم ئەم چێژەی وەرگرتووە، هەر بۆیە دایکم چەپەڵە، کەواتە ئەگەر چەپەڵیش بێت باش نییە. لە کاتێکدا زاتی دایک بەردەوام چاکبوونە؛ کەواتە دایک بوونی نییە. کەواتە ئەوە سەرەنجدان و قبوولکردنی نابوون نییە کە ساد واقیعێکی وا خەمساردانە بەرانبەر بە یاسا و قەدەغەکراوەکان دەخاتە ڕوو، بەڵکوو چەپەڵی ئەو بابەتانەیە کە کەوتوونە ژێر پرسیارەوەو کە وا دەکات ئەویش دواجار بڕیار لەسەر نابوونیان بدات، واتە ئەو

شتانەی کە زۆر جیاوازن و لە هەندێک شوێندا کۆمەڵێک گرفتی لۆژیکی زۆر ئەستەم دەخەنە ڕوو.

بە کورتی، زنجیرەی ئەرگۆمێنتەکە بەم شێوەیەیە: خودا چەپەڵە؛ لەگەڵ ئەوەشدا دژیەکە لەگەڵ خودایەکی چاکدا، خودایەک کە لە ڕێگای هێزی ڕەها و باشییەکەیەوە پێناسە دەکرێت، کەچی چەپەڵە. کەواتە خودا ناتوانێت و نابێت بوونی هەبێت. گوتارەکەی ساد دەیەوێت بڵێت، تاکوو خودا چەپەڵتر بێت، کەمتر ئیحتمالی بوونی دەبێت، ئەگەر خودایش باش بێت، بوونی هەیە. خودا ، چەپەڵ، بوونی نییە، ئەگەر بێت و خودا زۆرتر چەپەڵ بێت، کەمتریش بوونی دەبێت. نابوونێک کە لە ئەنجامی چەپەڵییەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە چەپەڵیش گەشە دەکات. سەبارەت بە سروشتیش ساد هەمان ئەرگۆمێنت دەهێنێتەوە. ساد نابێژێت: «سروشت بوونی نییە، هەربۆیە وتنی باش یان خراپ بوونی سروشت هیچ واتایەکی نییە.» دەبێژێت: «سروشت لەناو دەچێت، کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ خولقاندنی بوونەوەرەکان، بەڵام مەحکوومیان دەکات بە مەرگ یاخود دەستبەرداریان دەبێت؛ یاخود ئەوان لە پیریدا

دەمرن، یاخود دەکوژرێن. بە هەر بارێکدا بێت، سروشت ئەم بوونەوەرانە مەحکوومی مەرگ دەکات، کە ئەمەش شتێکی دژیەکە.» ئینجا لەنێو سروشتدا ئەو بوونەوەر و شتانەی کە مەحکوومی مەرگ کراون، بە دوو شێواز دژ بە سروشت هەڵدەگەڕێنەوە. یاخود بە کوشتنی خۆیان، یان کەسێک، کەسێکی تر بکوژێت، واتە ئەو شتەی سروشت دەیکات، دەیکەن؛ هەر بۆیە ئەو کەسە گوێڕایەڵی یاسای سروشتی دەبێت، بەڵام لە شوێنی سروشتدا ئەم ئیشە دەکات، واتە ئەم شێوازێکە بۆ کوشتنی سروشت «هەر جارەو کە کەسێک دەکوژم، ئەوا شوێنی سروشت دەگرمەوە، کەواتە سروشت دەکوژم). هەر کاتێک کەسێک بەرانبەر کوشتنی خۆی دەوەستێتەوە، لەو ساتەدا ئەو شتەی پاراستووە کە سروشت کردوویەتی؛ ملکەچی یاسای سروشتی دەبێت، بەڵام یاسای سروشتی ئەوەیە کە تاکی زیندوو دەبێت بمرێت، کاتێک تاکێکی زیندوو خۆی ناداتە دەست مەرگەوە ئەوا سروشت دەکات بە گاڵتەجاڕ، بەم شتەش پێچەوانەی ئەو شتە دەکات کە سروشت دەیکات. لەنێو تانوپۆی ئەم دژوازییەدا، کە هەمووی بەرئەنجامێکی لۆژیکی چەپەڵی سروشتە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی سروشت

بوونی نییە، یاخود دەگەینە ئەو ئەنجامەی سروشت تا کەمتر چەپەڵ بێت زیاتر بوونی هەیە. تا زیاتریش وێرانکەر بێت کەمتر بوونی هەیە. ئەم جۆرە گوتارانە هەڵگری وتنی ئەوەن کە: «خودا چەپەڵە، کەواتە خودا بوونی نییە، تاکوو زیاتریش چەپەڵ بێت، کەمتر بوونی هەیە؛ سروشت بوونی نییە چونکە سروشت چەپەڵە؛ پەیوەندییە مرۆییەکان بوونیان نییە چونکە مرۆڤەکان چەپەڵن»؛ لەنێو ئەم جۆرە گوتارانەدا دەتوانین هەندێک بەرئەنجام دەربێنین کە بەپێی پێویست زۆر گرنگن.

یەکەم بەرئەنجام ئەوەیە کە: لۆژیکی ساد لۆژیکێکی دژە ـ ڕاسێڵییە[42]، یاخود دەتوانین بڵێین لۆژیکی ڕاسێل زۆر دوورە لە لۆژیکی سادەوە. یەکێک لە فۆرمەکانی لۆژیکی ڕاسێل، "گوزارەی جۆرییە" بەم شێوەیە: «شاخی زێڕ لە کالیفۆرنیایە»، کە تەنیا لە هەلومەرجی شیتەڵکاری و جیاکردنەوەدا ڕاست و هەڵەی دەردەکەوێت، واتە بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین، سەرەتا شاخی زێڕ بوونی هەیە، ئینجا شاخی زێڕ کەوتووەتە کالیفۆرنیاوە. دەبینین کە

[42]مەبەست لۆژێکی "بێرتراند راسێل"ی لۆژیکناس و ماتماتیکزانی بریتانییە.

بەڵگەهێنانەوەی ساد دەقاودەق پشت بە لۆژیکێکی تەواو پێچەوانە دەبەستێت واتە نالێت: «سروشت بوونی هەیە پاشان سروشت چەپەڵە»، بەڵکوو دەڵێت: «سروشت چەپەڵە، کەواتە سروشت بوونی نییە». واتە دەرهێنانی بەڵگەهێنانەوەیەکی دانەپاڵ لە بەڵگەهێنانەوەیەکی نابوونی لەسەر بابەتی دانەپاڵدا، واتە شتێک کە بە شێوەیەکی لۆژیکی وێنانەکراو و ناکردەییە و لەگەڵ ئەمەشدا دەکەوێتە چەقی لۆژیکی سادییەوە. کەواتە ئەمە لۆژیکێکی تەواو نامۆیە بەرانبەر بە لۆژیکی ڕاسێل؛ بە هەمان شێوە لۆژیکێکی زۆر نامۆیشە بە بەراورد لەگەڵ لۆژیکی دێکارتی. گەر ئێوە ئەرگۆمێنتی ساد لەگەڵ ئەرگۆمێنتی ئەنتۆلۆژی "دیکارت"دا بەراورد بکەن، دەبینین کە بە تەواوەتی مەسەلەکە پێچەوانەیە. لە ڕاستیدا، لۆژیکی دیکارت هەڵگری وتنی ئەم شتەیە: خودا کاملە، هەر بۆیە خودی کەماڵ بوونی دەسەلمێنێت؛ کەواتە ئەو خودایەی کە کاملە بوونی هەیە. واتە چوون لە بەڵگەهێنانەوەیەکی دانەپاڵ و گەیشتن بە بەڵگەهێنانەوەی هەبوون. ساد وەک چۆن دژە ـ ڕاسێڵییە بە هەمان شێوەش دژە دیکارتییە، ئینجا ساد خۆی بەشێک بەڵگەهێنانەوەی دانەپاڵ، ئەویش نەک لەپێناو هەڵهێنجانی

بوون لەوێدا، بەڵکوو لەپێناو هەڵهێنجانی نابووندا. لەم حاڵەتدا دەتوانین بڵێین لۆژیکی ساد بە شێوەیەکی زۆر توند دێوزمەئاسایە، ئینجا لەنێوان لۆژیکی «شهودی»[43] دیکارت، کە بە شێویەکی پێویست پشتئەستوورە بە ئایدیا و بوونی ئایدیا، و ئینجا لەسەر ئیحتیمالات و، لۆژیکی فۆرمالیستی ڕاسێل، ساد گەیشتووەتە دروستکردنی جۆرێک لە لۆژیکی تەواو زیندوو بە واتا و زاراوەی لۆژیک: واتە لە لۆژیکێکی دانەپاڵ، گەیشتن بە لۆژیکی نابوون، کە ئەو شتە دراوەتە پاڵی. لێرەدا دوو یەکەمین بەرئەنجامی گوتاری سادی هەیە کە پاشان لە هەناوی هەر فەلسەفەیەکی ڕۆژئاواییدا بە شێوەیەکی تەواو لادەر و وێرانکەردا بەدی دەکەین.

سێیەم بەرئەنجام، واتە ئەم دێوزمانەی نابوون، کە خودا و ئەوانی تر و تاوانەکان و یاساکان و سروشت و هتدین... بریتی نین لە کۆمەڵە وەهمێک بە واتای سەدەی هەژدەیەم.. ئەمانە وەهم نین چونکە لە ڕوانگەی وەهمەوە، گەر جارێک یەکێک لەمانە کەشف بکرێت، ئەوا دەبێت هەست بە ئازادی بکرێت و، ئیتر بەرانبەر بەو شتەی کە دواجار کەشفمان

[43]La logiqueintuitionniste

کردووە وەهمە، هیچمان پێ ناکرێت و هیچ پەیوەندییەکیشی نییە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ڕەخنەی سەدەی هەژدەیەم کردی، واتە ئەو کاتەی سەلماندی خودا بوونی نییە و ڕۆح وەهمە. گەر جارێک ئەمانە سەلمێنرا ئەوا ئێمە ڕزگارمان دەبێت لێی و چیتر هیچ شتێکمان لە بەرانبەریان پێ ناکرێت. ساد، خودا و ڕۆح و سروشت و یاسای وەهمەکان دروست ناکات، بەڵکوو پووچ و بەتاڵیان دەکاتەوە، ئەو شتەی کە خۆی ناوی لێ دەنێت "پووچی و خەیاڵپڵاوی". پووچی و خەیاڵپڵاوی ئەو شتە نییە کە بوونی نەبێت، بەڵکوو ئەوەیە بوونی کەمترە بەرانبەر بە چییەتی ئەوەی هەیە. خودایش بەم واتایە بریتییە لە پووچی و خەیاڵپڵاوی کە کەمتر بوونی هەیە بەراورد بەو زاتە گونجاوەی کە هەیەتی، کە زۆر نزیکە لەوەی کە هەیە و وایە یان دەبێت وابێت، واتە تا زیاتر چەپەڵ بێت کەمتر بوونی هەیە. ئنجا تاکوو خودا زیاتر نزیک بکەوێتەوە لە چەپەڵییەکەی، سروشتیش پتر نزیک دەبێتە لە دیوە توندوتیژەکەی. لە کاتێکدا وەهمی سەدەی هەژدەیەم ئەوەیە کە هەر شتێک بوونی نەبێت دەبێت خۆمانی لێ ڕزگار بکەین، کەچی خەیاڵپڵاوی سادی

ئەوەیە کە بوونی کەمترە ئەگەر بێت و زیاتر بێت لەوەی کە هەیە.

لە کۆتاییدا، دەگەینە چوارەم بەرئەنجام، ئەگەر ڕاست بێت کە خودا تا زیاتر چەپەڵ بێت کەمتر بوونی دەبێت، ئەوا لە بنەمادا چ شتێک ئەم چەپەڵییەی ئەو زیاد دەکات، چی وا دەکات کە ئەو تا بێت زیاتر و زیاتر چەپەڵ بێت، چی وا دەکات کە ئەو کەمتر و کەمتر بوونی هەبێت؟ چەپەڵی خودا، ئەو چەپەڵییەیە کە وا دەکات مرۆڤەکان لەلایەن ئەوانی ترەوە بکوژرێن، ئەوەیە کە خەڵکی بە فەزیلەتەوە لەدایک دەبن بەڵام دەبنە قوربانیی خراپترین پرۆسەکانی ئەوانی تر؛ ئەو شتەی وا دەکات خودا چەپەڵ بێت، ئەوەیە کە چەندین لیبێرتین هەن کە لە خراپەکاری و داوێنپیسیدا سەردەکەون ئەویش تەنانەت لەو ساتەدا کە فەزیلەت ئازار دەدرێت؛ بەگشتی، چی وا دەکات خودا زۆرتر و زۆتر چەپەڵ بێت، چی وا دەکات چەپەڵی خودا هەڵکشێت ئەگەر بوونی لیبێرتین نەبێت؟ تاوەکوو لیبێرتین زیاتر بێت، زیاتر لیبێرتین دەبێتە بە لیبێرتین، چەپەڵی خودایش پتر دەبێت، ئەمەیش نەک بسەلمێنرێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی

یەکلاکەرەوە بەدی دێت. لیبێرتین، چەپەڵی خودایەکە کە جەستەی دروست کردووە؛ گەر ئەوە ڕاست بێت کە مەسیح چاکەی خودایە کە بەرجەستە بووە، کەواتە لیبێرتینش مەسیحی چەپەڵی خودایە، تا لیبێرتینێکی زیاتر هەبێت، خودایش زیاتر چەپەڵ دەبێت. بەڵام پێشتر ئەوەمان بینی کە تاوەکوو خودا پتر چەپەڵ بێت، کەمتر بوونی هەیە؛ لە بەرئەنجامدا فرەبوونی کەسانی لیبێرتین و فرەتربوونی ئیشی لیبێرتینی بەرەبەرە لە نابوونی خودا دڵنیامان دەکاتەوە، لە ئەنجامیشدا، نابوونی خودا تێزێکی تیۆریی نییە، کە یەکجار و بۆ هەمیشە وەک هەقیقەتێک و بەڵگەیەک پشتی پێ ببەسترێت و بگەڕێینەوە سەری. نابوونی خودا شتێکە کە لە هەر چرکەساتێکدا هاوشێوەی چەپەڵییەکەی بەدی دێت، وەک چەپەڵی خودا لە کرداردا، لەنێو کەسدا و لەنێو ڕێنوێنی لیبێرتیندا. ئنجا ئارەزوو و هەقیقەت و، ئینجا ئارەزووی لیبێرتین و ئەم هەقیقەتەش کە خودا بوونی نییە نەبەستراونەتەوە بە پەیوەندییەکەوە کە پەیوەندی پرەنسیپ بێت بە بەرئەنجامەوە؛ ئەم پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزە: چونکە خودا چەپەڵە لەبەر ئەوەی کەسانی لیبێرتین بوونیان هەیە، لە ئەنجامیشدا ئارەزووی بێبەزەییانە بوونی هەیە، هەر بۆیە

ئەوە ڕاستە کە خودا بوونی نییە. هەقیقەتەکە ئەوەیە کە خودا بوونی نییە و ئەو نیشانانەی کە هەر کامەیان لەنێو ئەرکێکی ناکۆتادا لەمیانەوە دەبەسترێنەوە بە ئەوی تر لە زیادبووندایە. فرەتربوونی ئارەزووەکانمان، فرەتربوونی چەپەڵییەکانمان، تەشەنەسەندنێکی بەردەوامی کارەکتەرێکی بێبەزەیی ئارەزووەکانمان، وا دەکات خودا کەمتر بوونی هەبێت. پەیوەندی نێوان هەقیقەت و ئارەزوو کار دەکاتە سەر دێوزمەیی خەیاڵپڵاوی و وا دەکات ئەوەی خودا چییە، سرووشت چییە، ڕۆح چییە، یاسا چییە بەرەبەرە بگۆڕێت بۆ دێوزمەیەک، واتە بەرەبەرە بیانگۆڕێت بۆ خەیاڵپڵاو و پووچی و بوونی ئەمانە بەرەبەرە زیاتر بەرەو چەپەڵی ببات، بەرەبەرە زیاتر بەرەو دێوزمەییان ببات و هتد. بە شێوەیەک کە بێ ئەوەی خودا هەرگیز بکەوێتە نێو بێدەنگی تەواوەوە، بێ ئەوەی هەرگیز بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەنێو ئاسۆی ئارەزوودا ون ببێت، نابوونی ئەو لە هەر چرکەساتێکدا لەنێو گوتار و لە ئارەزوودا بەدی دێت.

لە ئەنجامدا بەو شێوەیەی کە لێی دەترسین، ئارەزووی ساد بابەتی ئارەزوو ناسڕێتەوە، بەڵام ئارەزوو و گوتار

هەرکامەیان  دوای یەک بابەت دەکەون. لە بنەمادا، وەک ئەوەی کەمێک پێش ئێستا وتم سەیر لەوەدایە کە گوتارەکانی ساد باس لە خودا دەکەن نەک ئارەزوو، کاتێک ئەم ئاماژەیەم دا، شتێکی بنەڕەتیم بیرچوو باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە گوتار لەسەر خودا قسە دەکات، بەڵام ئارەزوویش بەردەنگی هەر خودایە و، گوتار و ئارەزوویش بە شێوەیەکی ڕاشکاو یەک بابەتیان هەیە: خودا تا ئەو شوێنەی کە بوونی نییە، تا ئەو شوێنەش کە دەبێت لە هەر چرکەساتێکدا لەناو ببرێت... ئەمەیە، هێڵی پەیوەندی نێوان گوتار و ئارەزوو کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەنێو گوتاری سادیدا بوونی هەیە. پێم وایە لێرەوە ئیتر بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەڕانەوە بۆ دوو جۆر ڕۆڵی گوتار لای ساد ئاسان دەبێت.

ئەم دوو ڕۆڵەی دوایی لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو دوو ڕۆڵەی یەکەمدا ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و تا ئاستێک سنووردار دەبن و دژ بەوانە دەوستنەوە و دەیانخەنە ژێر پرسیارەوە.

دوو ڕۆڵەکەی یەکەم بریتی بوو لە ڕۆڵی لەخەسانکەوتن[44]، لەگەڵ ڕۆڵی جیاکاری و دانپێدانانی لیبێرتینەکان لەنێوان خۆیان و دژ بە قوربانییەکانیان. لە دوو ڕۆڵی کۆتاییدا، چوارەمیان، دووەم تووشی تەنگەژە دەکاتەوە، پێنجەمیان یەکەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە و تووشی تەنگەژەی دەکاتەوە و لەنێوان ئەم چوار فیگۆرەدا، ڕۆڵی سێیەمیش هەیە کە پێش ئێستا باسمان کرد ئەویش ڕۆڵی وێرانکردن بوو.

چوارەم ڕۆڵ، ڕۆڵی ڕکابەرییە[45]، کە بریتییە لە: گوتارەکانی ساد هەمیشە یەک شتن. لە ڕاستیدا خۆی ئەمانە چوار تێزی یەکسانن کە بەردەوام و بە شێوەیەکی ناکۆتا دووبارە دەبنەوە، بەڵام کاتێک لە نزیکەوە سەرەنجیان دەدەین، ئەم گوتارانە جیاوازن و جیاوازییان لەبەر کۆمەڵێک هۆکارە.

---

[44] Décastration دیارە ئەم وشـــەیە بە واتای لە خەســـانکەوتن دێت، هەر بەکارهێنانی ئەم وشـــەیەشـــە کە گوتاری ســـادی دژ بە گوتاری فەلســـەفە وەســـتاندووەتەوە. ئەم بابەتە شـتێک نییە بکەوێتە ئەو دیو خەسـاندنەوە، بەڵکوو بریتییە لە نکۆڵیکردن، نکۆڵیکردن و خۆنەدانە دەســـت خەســـاندن، نکۆڵیکردن لە خودا، لە سروشت، لە یاسا هتد.

[45] la rivalité

ئەم گوتارانە لە پەیوەندی لەگەڵ بارووودۆخەکاندا جیاوازن. بۆ نموونە کاتێک باس لە وەرگرتنی میراتەکەی فۆندانی گچکە دەکرێت، گوتار تیشکی خۆی دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، لەسەر کارەکتەرێکی زۆر یان کەم پیرۆزی ئەرکەکان، لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەسەر ئەو سزایانەی کە لەلایەن کۆمەڵگاوە دەدرێت و هتد. بە پێچەوانەشەوە، گوتار لەگەڵ برێساک و ئارەزووی بۆ دایکی، تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە خێزانییەکان. گوتار بەپێی بابەتەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت، هەروەها بەپێی تاکەکان دەگۆڕێت هەروەها بەپێی کارەکتەری تایبەتی هەرکامەیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاستی پەروەردەیان گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئنجا گوتارێکی دوبوا[46] یش هەیە. دوبوا هەر وەک چۆن ناوەکەشی ئاماژەی پێ دەدات ژنێکە سەر بە بەرەی گەلە. گوتارەکەی بەم شێوەیەیە: «سروشت لە کاتی خولقاندنی مرۆڤەکاندا، زۆر خەمی یەکسانی نەبوو، هەموو ئەوانی لە یەک مۆدێلدا خولقاند؛ ئەوە کۆمەڵگایە کە نایەکسانی

---

[46]Dubois

دروست کردووە. هەر بۆیە شتێکی ئاساییە کە یەکسانی بخەینە ئەستۆی کۆمەڵگاوە. چونکە گەر کۆمەڵگا یەکسانی مرۆڤەکانی نەویێت ئەوا هەر خودی خۆی لەسەر نایەکسانی دروست دەبێت و، بە توندوتیژی نەبێت ناتوانین یەکسانی دەستەبەر بکەین». دەبینین کە دوییوا تیۆرییەکی توندوتیژانە ڕێک دەخات، توندوتیژییەکی پێویست لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانییەکی سروشتی دژ بە کۆمەڵگا کە هەر لە سەرەتادا هەبووە. سیستمێکی وەها، کە تەنیا لای دوییوا بەدی دەکەین، لای ئەو ئەرەستۆکراتانە بەدی ناکەین کە لەلایەن سادەوە خراونەتە بەر باس.

ئینجا سیستمی پاپامان هەیە. پاپا سیستمێکی زۆر تایبەتی هەیە کە هەر لە سەرەتاوە دەڵێت خودا بوونی نییە. بۆ پاپا هیچ ئافرێنەرێکی تر جگە لە سروشت بوونی نییە، بەڵام سروشت خۆیشی باش نییە. سروشت بە تەواوەتی دروست نەکراوە، بە تەواوەتی تێنەپەڕێنراوە و، لە ڕێگای توندوتیژییەکی وێرانکەرەوە مرۆڤ تەنیا یەک شتی لەبەر دەستدا دەمێنێتەوە ئەویش شۆڕشە بەرانبەر بە سروشت و هەرجارێک کە خواستێکی سروشتی لە مرۆڤدا دروست

دەبێت، ئەرکی مرۆڤی لیبێرتین ئەوەیە کە ئەم خواستە سروشتییە ڕەت بکاتەوە و شتێکی تر بکات لەوەی سروشت بەسەریدا سەپاندوویەتی. بەم شێوەیە مرۆڤ دروست دەبێت، چونکە سروشت خۆی خراپە، ئەم مرۆڤە سروشت دەکاتە گاڵتەجاڕ و بەرانبەری یاخی دەبێت بۆ نموونە لە کاتی نێربازیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک مناڵ ناخاتەوە. لە کاتێکی وەهادا چی دروست دەبوو ئەگەر مرۆڤ هەرگیز <u>نێربازی</u> نەکردایە؟ دواجار مرۆڤایەتی لەناو دەچوو، ئەو شتەی پاپا ئاماژەی بۆ دەکات دەقاودەق هەمان شتە سروشت خولیای بۆ دەخوازێت، چونکە سروشت تەنیا یەک خواستی هەیە ئەویش لەناوچوونی مرۆڤایەتییە – باشترین بەڵگە ئەوەیە کە سروشت لە ڕوانگەی مرۆییەوە تەواو چەپەڵە. دەبینین کە ئەم سیستمە تا چ ئاستێک و بە تایبەت لەلایەن پاپاوە ڕێکخراوە. لە ڕاستیدا پاپا مەوعیزەی خودا ناکات بەڵکوو هی سروشت دەکات، هی چاکەیەکی گشتی ناکات، بەڵکوو هی چەپەڵییەکی گشتی و جیهانی دەکات، باس لە ڕزگاکردن و بانگەشە بۆ تاکەکان ناکات بەڵکوو مەوعیزەی وێرانبوونیان دەکات، مەوعیزەی ئەبەدییەتی مرۆڤایەتی ناکات بەڵکوو باس لە لەناوچوونێکی

ڕاشکاو دەکات، هەر بۆیە هەموو ڕۆڵەترادیسیۆنییەکانی پاپا لە نێو گوتارەکەیدا پێچەوانە بووەتەوە.

ئینجا سیستمێکی نامۆی سەن-فۆن هەیە لەگەڵ هەندێک سیستمی تردا کە هەر کامەیان لەوی تر جیاوازە. کاتێک سەیری بنەمای ئەم گوتارانە دەکەین، کاتێک لە ئاستی ئەم چوار تێزە گشتییە بەرەو شیکردنەوەیان دەڕۆین، تێدەگەین کە هەر لیبێرتینێک بە شێوازێک پەیوەستە بە یەکێک لەم گوتارانەوە. هەر لیبێرتینێک شێوازێکی هەیە بۆ پیشاندنی ڕێکخستنی ئەم تێزانە و چۆنیەتی ئەوەی چۆن دروست دەبن، چۆن پاساویان بۆ دەهێننەوە، ئەو ئەنجامانەی کە دەشێت لە کردارە تاوانکارەکان و سێکسییەکان لەمانەدا پێی بگەیت و دەتوانی بگەڕێیتەوە سەری. بۆیە لە ئەنجامدا، سیستمێکی گشتیی ساد بوونی نییە، فەلسەفەی ساد بوونی نییە، مەتریالیزمی ساد بوونی نییە، ئەتێیزمی ساد بوونی نییە. بەڵکوو کۆمەڵێکی زۆر سیستم بوونی هەیە کە کەوتوونەتە تەنیشت یەکەوە و تەنیا لە ڕێگای ئەو تۆڕە تێزانەی کە ئێمە قسەمان لەسەر کرد لەگەڵ یەکدیدا لە پەیوەندیدا دەبن.

ئەم تۆڕە، ئەم چوار ڕەگەزە، یارمەتی کۆمەڵێک کریستاڵی جیاواز دەدەن، کۆمەڵێک گوتاری تەواو تایبەت بۆ بارودۆخێک یان بۆ تاک دەستەبەر دەکەن، واتە ئەو شتەی کە ساد ناوی لێ دەنێت "سیستم" فیزیۆلۆژییەکە کە لەلایەن ئەم چوار تێزەوە بەدەست هاتووە. زۆر جار بەر کەسایەتییەک دەکەوین کە بەوی تر دەڵێت: «باسی سیستمەکەی خۆتم بۆ بکە، سیستمەکەتم بۆ شی بکەوە، تۆ ئەم سیستمەت دروست کرد، بۆچی، باس لە سیستمەکەت بکە و هتد». ئەم سیستمە بریتییە لە بە کریستاڵکردنی تایبەتی بارودۆخێک یان تاکێک لەو چوار تێزە کە باسم کرد. لە ئەنجامدا ئەم شتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی ئەم چوارەم ڕۆڵە دژ بە سێیەم دەبێتەوە، ئەم گوتارانە ڕێگە دەدەن (سەرەڕای ئەوەی کە ئەمانە ڕۆڵی ناسینەوە و دابەشکردنی نێوان لیبێرتین و قوربانییەکانیان هەیە) ڕۆڵێکی تر سەر هەڵبدات کە بریتییە لە جیاکردنەوەیەکی ناوەکی نێوان لیبێرتینەکان و تاکەکان هەرکامەیان لەوی تر، ئەو تاکانەی کە لەلایەن سیستمەوە تایبەتمەندییان دەستنیشان دەکرێت، ئنجا ئەوەش کە سیستمەکان بۆ تاکەکان هەمان شت نین و جیاوازن. هەر بۆیە، هیچ

سیستمێکی گشتی لیبیێرتینی بوونی نییە، بەڵکو بۆ هەر لیبیێرتینێک سیستمێک هەیە و، ئەم سیستمانەش پێناسەی تاقانەیی دەکەن یان ئەو شتەی کە ساد ناوی لێ ناوە نارێکی تاکەکان[47]. هەر تاکێک نارێک دەبێت و نارێکییە تایبەتەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و لەنێو سیستمدا خۆی دەکات بە سیمبوول. ئینجا لەگەڵ ئەوەی ئەم سیستمانە جیاوازن، تا ئەو شوێنەی کە دەبنە دروستکەری ئەم جیهانە یەکگرتووەی لیبیێرتینی کە وا دەردەکەوێت لە دووەم ڕۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم جیهانە بەردەوامەیان هاوبەشی و هاوپێڕی لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە، وا دەکات هەر لیبیێرتینێک کە بەرانبەر ئەوی تر بەدیلی نەبووە، لەگەڵ یەکتردا جیا بکرێنەوە.

لە ئەنجامدا، لیبیێرتینەکان دەبنە خاوەنی سیستمێکی کەمتازۆر بەهێز و، بە پێی ئەم سیستمە کە بەهێز بێت یان لاواز، کەسی لیبیێرتین دەتوانێت سەرکەوتوو بێت یان تووشی شکست بێت یان بەپێچەوانەوە سەرکەوێت بەسەر لیبیێرتینەکانی تردا. دواجار ئەم سیستمە وەک کەرەستەیەک

[47]Irrégularité des individus

لەنێوان لیبێرتینەکاندا دەرکەوت، ئینجا ئەم ئازادییە بەناوبانگەی ئەوان کە کەمێک پێش ئێستا بینیمان سنووردار دەبێت، هەر بۆیە لە ئەنجامدا هەرکامەیان مافی کوشتنی ئەوی تری نامێنێت، لە دیوێکی تری ڕۆڵی ئەم گوتارەدا دەبینین کە ئەم بەرپرسیاریەتییە لەناو دەچێت و لیبێرتینەکان هاوشێوەی گورگ یەکتر دەخۆن؛ لیبێرتینێک دەتوانێت لیبێرتینێکی تر بکوژێت ئەگەر بێت و گوتارەکەی لە گوتاری ئەوی تر بەهێزتر بێت. نموونەیەکی زۆر شازمان بۆ ئەمە هەیە کاتێک کە کلێرڤیل و ژولیەت بڕیار دەدەن بۆرگێز[48] بکوژن؛ ئەوان هەر دووکیان یەک هاوەڵی گەورەیان هەبوو، شەریکێکی زۆر گەورەی لیبێرتینی کە ئەویش شازادە بۆرگێز بوو. ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئەم تێزێکی فەلسەفی زۆر لاوازە بە بەراورد بە کلێرڤیل و ژولیەت.

بەم تێزە فەلسەفییە لاوازەیەوە، بۆرگێز بڕوا بەوە دەهێنێت کە ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ئەم سێ لیبێرتینەدا دروست بووە، پەیوەندییەکی پیرۆزە، بۆیە جێگەی متمانە

[48]Borghèse

نابێت؛ هەر بۆیە تاکوو کۆتایی هەر ئەو تێزە دەگرێتە دەست و قبووڵی دەکات کە تاوان بوونی نییە و هەموو شتێک ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی یەکێک لە هاوڕێ پیاوە لیبێرتینەکانی بکوژێت؛ بەڵام ئەو لە کردنی ئەم تاوانە پاشەکشێ دەکات. لە ئەنجامدا، سیستمەکەی لە ڕەگەزێکدا زۆر لاوازتر دەبێت لە سیستمی کلێرڤیل و ژولیەت و، ڕێک لە هێرشکردنە سەر ئەم پەیوەندییە لاوازەی سیستمەکەیە کە کلێرڤیل و ژولیەت هێرش دەکەنە سەر بۆرگێز و داوی بۆ دادەنێن. بۆرگێز وا نازانێت کە پەیوەندییە لیبێرتینەکان بتوانێت درزی تێکەوێت، داوەکە بەدی ناکات، دەکەوێتە داوی ئەوان و لاوازی سیستمەکەی ڕێگە بۆ ئەوان خۆش دەکات بیکوژن. کەواتە کاتێک دەگەینە قوڵایی شتەکان ئەو یاسایەی کە دەڵێت لیبێرتینەکان نابێت هێرش بکەنە سەر یەک و یەکتر بکوژن کاری پێ ناکرێت، لە کاتێکدا چوار تێزەکە لە ڕوانگەی ئارەزووەوە ڕێگەیان بۆ لیبێرتینەکان خۆش دەکرد کە یەکتر دەستنیشان بکەن و دان بە یەکتردا بنێن، یان بکەونە بارودخێکی جیاوازتر لە قوربانییەکانەوە و، لێرەدا تەنیا جیاوازییەک کە دەمێنێتەوە لەسەر بنەمای ئەو چوار تێزەیە بەرەنگارییەکی بەردەوامی یەکتر بکەن، بەرەنگاربوونێکی

ناکۆتا کە دواجار دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی یەکێک لەوان. هەر بەم شێوەیەیە کە ژولیەت هەموو هاوڕێ لیبێرتینەکانی دەکاتە قوربانی: کلێرڤیل، سەن-فۆن، ئنجا بۆرگێز، هەموویان دەمرن و تەنیا ژولیەت دەمێنێتەوە، ئەویش لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری پەتی لیبێرتینی، ئینجا ئەوەش کە دوو کەسی وەک نۆرسەی لە لایەک و دیوراند لە لایەکی تر وەک خزمەتکارێک خزمەتی دەکەن. کەواتە ئەمە چوارەم ڕۆڵی گوتاری سادی بوو. پێنجەم ڕۆڵ زۆر ئاسان لێک دەدرێتەوە.

پێنجەم ڕۆڵی گوتار ئەمەیە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە هەر لە سەرەتاوە بڕوامان بەوە هەبێت کە گوتار لیبێرتین و قوربانییەکان، لێک جیا دەکاتەوە؛ ئەوەش ڕاستە کە گوتار لیبێرتینەکان لەنێو خۆیشیاندا لێک جیا دەکاتەوە؛ گەر ئەوە ڕاست بێت کە ئەم گوتارە نەک نیشانەیەک بێت بۆ کۆی هەموو لیبێرتینەکان لە بەرانبەر گشت قوربانییەکان، بەڵکوو کەرەستەیەکی ململانێش بێت لەنێوان خۆیاندا، هەر بۆیە گوتار لیبێرتین بەرەو مەرگ دەبات؛ واتە لە بەرەنگارکردنەوەی گوتاری خۆت لەگەڵ ئەوانی تردا،

لیبیرتین خۆی دەخاتە بەر مەترسیی مردنەوە، بەڵام دەبێت گوتارەکەی تا کۆتایی تەواو بکات و، قبووڵی ئەوە بکات کە نەک دەمرێت، بەڵکوو مردن دەشێت ناوازەترین شت بێت بۆی ڕوو بدات. لە ڕاستیدا، گەر ڕاست بێت سروشت بوونی نییە، ڕۆح نەمر نەبێت و، خودا بوونی نەبێت و هیچ تاوانێکی ڕاستەقینە بوونی نەبێت، کەواتە مەرگ بۆ کەسێک و تەنانەت بۆ لیبیرتینش دەتوانێت چ واتایەکی هەبێت؟ ئایا ئەمە ئەو بێڕێزییە کە سروشت دروستی کردووە، واتە قبووڵکردنی مەرگی پێشکەش بە ئێمە کردووە؟ لە ڕاستیدا سروشت ئێمە خولقاندووە و بە هەمان شێوە مەحکوومی خولقاندن کراوین مەحکوومی دەستبەرداربوونیش کراوین، تاقە ڕێچکەیەک کە لە ئێمەدا نەخشابێت، ئەویش زۆر بە سادەیی پێویستی ژیانە، واتە تەنیا کردارێکە کە سروشت بۆ ئێمە خولقاندووە. هەر لەو ساتەی کە ئەم پێویستی ژیانە وەلاوە بنێین ئەوا پێویستی ژیانمان بە پێویستی مەرگ گۆڕیوەتەوە و، بەم شێوەیە دژ بە سروشت دەوستینەوە، سروشت گاڵتەجاڕ دەکەین، لە ڕوانگەی خۆمانەوە تووشی تاوانی وەها دێین کە ئاشکرایە ئەم تاوانانە وەک بەشێک لە چێژ سەیر بکەین. لە ئەنجامیشدا هەر لەو ساتەدا کە مەرگ

قبووڵ دەکەین دەگەینە ئەوپەڕی ورووژاندنی سێکسی، ئەمە لە کاتێکدایە هەموو لیبێریتنە گەورەکانی ساد هەموو شتێک دەکەن لەپێناو ئەوەی نەمرن، بەڵام لەو کاتەدا کە پێویست بێت مەرگ قبووڵ دەکەن. برێساک تاوەکوو ئاستی شەهید بوون بەڵگە لەسەر ئەم شتە دەدات. ئەو قبووڵی دەکات کە بەر مرۆڤێک کەوتووە کە زۆر لە خۆی بەهێزترە، هەر ئەم مرۆڤە بەهێزەشە ئەو تا مردن ڕاپێچ دەکات. بۆرگێز دەڵێت ئەو لەسەر پەتی سێدارە دڵخۆش دەبێت، لە ئەنجامدا کاتێک لەلایەن کلێرڤیل و ژولیەت دەخرێتە نێو بورکانەوە، دەبێت گریمانی ئەوە بکەین بە درێژاییی بەربوونەوەی بۆ نێو ئەو بەردانە و هەلاهەلابوونی جەستەی گەیشتبێتە ئەوپەڕی ورووژاندنی سێکسییەوە. ژولیەت دەڵێت: «تەنیا شتێک کە لەم دونیایە کەمترین ترسم لێی هەیە، هەڵواسینمە بە پەتەوە، ئایا نازانی، ژولیەت ئەمە بەوپەڕی توندوتیژییەوە دەدرکێنێت، کاتێک هەڵماندەواسن بەتاڵ دەبینەوە؟ ئەگەر بێت و ڕۆژێک مەحکووم بە مەرگ بکرێم، ئەوا تۆ دەمبینی کە من بێ شەرمانە بەرەو داری سێدارە دەفڕم». دیوران دەڵێت: «ناکرێت گومان لەوەدا بکرێت مردن وەک پێویستییەکی

سروشت، نابێت بگۆڕێت بۆ چێژێکی سێکسی، چونکە ئێمە بەڵگەیەکی حاشەهەڵنەگرمان هەیە کە هەموو پێویستییەکانی ژیان بریتین لە چێژ». ئنجا ئێمە کەسایەتییەکی ژنی زۆر سەرەنجڕاکێشی سویدیمان هەیە کە داوا لە عاشقەکەی دەکات بیکوژێت، عاشقەکەی کەمتەرخەمی دەکات و دەترسێت و ژنەکەی پێی دەڵێت ئەگەر وا بێت و نەیەوێت ئازاری بدات ئەو ناتوانێت چێژێکی زۆر لە کاتی مردندا وەرگرێت. بەڵام عاشقەکەی دڵدانەوەی دەدات و ئینجا دەیکوژێت. دەبینین کە لێرەدا، لە ڕۆڵی پێنجەمدا، شتەکان پێچەوانەی ڕۆڵی یەکەم بەدی دەکەین، واتە ئەوەی کە دڵنیایی دەدات هیچ بەربەستێک و سنوورێک لە بەرانبەر ئارەزووی تاکدا بوونی نییە، کە دەبێت ئەمە بە جۆرێک لە خەساندن بکەوێت تاوەکوو جیهان بە شێوەیەکی تەواو بچێتە نێو خولگەی نارسیسزمی ئەوەوە و، هیچ شتێک جگە لە خۆی نەبێتە قوربانی. یەکەم ڕۆڵی گوتار گرەنتی ئەوە دەدات بە تاک کە چیتر پێی نەڵێن: «تۆ دەبیت بە خودی خۆت، ئەگەر چاوپۆشی لەمە و لەوە بکەی»، کەچی تێزی پێنجەم دەڵێت: «گەورەترین چێژ کە لە ژیانی خۆتدا پێی بگەیت، ئەو ڕۆژەیە کە تاکایەتی تۆ لەناو بچێت»،

بەم شێوەیەیە کە دەبینین تێزی پێنجەم دژ بەوەی یەکەم دەبێتەوە.

کەواتە ئێوە کۆی بینای ڕۆڵەکانی گوتاری سادی بەدی دەکەن، کە هەموویان لە چواردەوری ئەم ڕۆڵەی سێیەم چڕ دەبنەوە کە ناوم لێ نابوو وێرانکەر کە خۆی لەگەڵ ڕۆڵی لە خەسانکەوتن بنیات دەنێت و دژ بە خۆلەنابردنی تاک دەوستێتەوە، ئینجا ڕۆڵی دانپێدانان و جیاکاری کە دژ بە ڕۆڵی بەرەنگاری و ڕکابەری و دەستەویەخەبوون دەبێتەوە. ئینجا لە هەمان کاتدا ئەوەتان بەدی کرد کە چۆن شیکاری ئەم چوار ڕۆڵە ڕێگە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو چەمکانە خۆش دەکات کە پێم وایە چەمکی سەرەکین لای ساد: چەمکی لە خەسانکەوتن کە ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات پێناسەی ئەو شتە بکەین کە بە لیبیێرتین ناوی دەبەین؛ چەمکی جیاکاری کە ڕێگە بۆ پێناسەکردنی ئەو شتە خۆش دەکات کە ناوی دەنێین قوربانی؛ چەمکی وێرانکاری کە ڕێگە بۆ ئەو شتە خۆش دەکات کە ساد ناوی لێناوە پووچی و خەیاڵپلاو؛ چەمکی ڕکابەری و بەرەنگاری کە یارمەتیی پێناسەی ئەو شتە دەدات کە ساد ناوی لێناوە

سیستەم، دوا ڕۆڵیش کە پێناسەی تاک دەکات یان پتر بڵێین تاک هیچ نییە جگە لەو چوار تێزە، دەبێت وەک ئەنجام پێنجەم ڕۆڵیش بخەینە ڕوو، کە پێنجەمیان بریتییە لە: تاک، خودی خۆی بوونی نییە.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت بڵێم کە دەبێت زۆر بە وریاییەوە خۆمان دوور بخەینەوە لە سەپاندنی دوو مۆدێل خوێندنەوە بەسەر 'ساد'دا. یەکەمیان مۆدێلی فرۆیدییە. لە ڕاستیدا زۆر گرنگە لەوە تێبگەن کە گوتاری ساد بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵی وتنی هەقیقەتی لە سەر ئارەزوو نییە. ساد بەدوای ئەوەوە نییە تاوەکوو شیکارییەک یان ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەوەی ئارەزووی سێکسی یانیش سێکوالیتیِ چییە بدات بە دەستەوە. بۆ ساد، ئارەزوو، بابەتی گوتارێکی عەقڵانی نییە؛ لە ڕاستیدا گوتاری ڕاستی و ئارەزوو لەسەر یەک هێڵن، هەرکامەیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر ئەوی تریان دەردەبڕێن. گوتاری ڕاستی، ئارەزوو فراوانتر دەکات، قووڵی دەکات، ناکۆتای دەکات، ڕێک هاوشێوەی ئەوەی کە ئارەزوو بەرە بەرە گوتار بەرەو ڕاستی دەبات. کەواتە هیچ ئاستێکی ئارەزوو بوونی نییە کە لەسەر ئاستی گوتاردا

دابنرێت، یان ئاستێکی سروشت و پاشان هەقیقەتێک تاوەکوو بێت ئەم سروشتە ڕوون بکاتەوە. لە ڕاستیدا، گوتار و ئارەزوو پێکەوە گرێدراون، هەر کامەشیان بەستراوەتەوە بە ئەوی ترەوە؛ ئارەزوو و گوتار ملکەچی یەکتر نابن، ئەوان لەنێو نەزمێکدا دەخرێنە ڕوو، کە دەبێتە هۆی لە نەزمخستنی خودی خۆی. لەم حاڵەتەیشدا پێم وایە ناتوانین بەراوردی گوتاری ساد و فرۆید بکەین؛ گەر ڕاست بێت کە لانی کەم گوتاری فرۆید ڕۆڵەکەی وتنی هەقیقەت بێت لەسەر ئارەزوو، گەر ڕاست بێت کە فرۆید ویستوویەتی هەقیقەتێکی سروشتی بە شێوەیەکی دەروونناسی و فەلسەفی بڵێت، مەسەلەکە گرنگی ئەوتۆی نییە، گەر ئەو ویستبێتی سەبارەت بە ئارەزوو هەقیقەت بڵێت، هێشتا گوتاری فرۆید و ساد زۆر ناتەبان لەگەڵ یەکدا. تاقە شتێک کە ناڕازی بین لێی ئەوەیە: دەروونشیکاری ڕۆڵێکی لەسەر وتنی هەقیقەت سەبارەت بە ئارەزوو نەبووە، یاخود فرۆید نەیویستووە بیڵێت؛ یاخود فرۆید نەیوستووە ئارەزوو ببەستێتەوە بە هەقیقەتەوە. ڕەنگە ڕۆڵی چارەسەرێکی دەروونشیکاری، ڕۆڵی گوتار لەنێو کایەی دەروونشیکاریدا، پەیوەستکردنی ئارەزوو نەبێت بە

جیهانی هەقیقەتەوە، بەڵکوو دووبارە دەربڕینەوەی ئارەزوو و هەقیقەت بێت لەنێو پەیوەندییە سەرەکییەکانیاندا. ڕەنگە لەنێو چارەسەری دەروونشیکارانەدا گەڕانەوەی ڕۆڵی ئارەزووخوازانەی هەقیقەت بێت و گەڕانەوەی ڕۆڵی هەقیقەت بێت بۆ ئارەزوو. بۆیە لەم حاڵەتەدا، ئەوە فرۆید نییە کە دەبێت ڕێگەمان بۆ خوێندنەوەی ساد خۆش بکات، بەڵکوو سادە کە دەبێت ڕێگەمان بۆ خوێندنەوەی فرۆید خۆش بکات، چونکە ئەم شتە وای کردووە ئەو ساد لەنێو دەقەکانیدا دروست بکات. ئەو نەیدەویست ئەو ئارەزووەی کە لە ڕۆژئاوادا لەنێو درۆ، وەهم و نەزانیدا کە تاوەکوو ڕووناکیی هەقیقەت دەستبەرداری بوونە پەرە پێ بدات، ئەمە ئەو شتانە نەبوو کە ئەو دەیویست. ئەو تەنیا دەیویست ڕۆڵی ئارەزووخوازی هەقیقەت بگەڕێنێتەوە؛ ئەو دەیوست ڕۆڵی هەقیقەتی ئارەزوو بخاتە ڕوو؛ دەیویست ئەوە پیشان بدات کە ئارەزوو و هەقیقەت وەک دوو ڕووی یەک قردێلەن کە بە شێوەیەکی ناکۆتا لەسەر یەک هەڵدەدرێنەوە. کەواتە پێم وایە نابێت ساد لەژێر ڕووناکاییی ئەم جۆرە چەمکە ترادیسیۆنییانەی فرۆید بخۆینینەوە. نابێت بڵێین: لە ڕۆژئاوا، کەس نەیزانیووە کە ئارەزوو چییە،

تاوەكوو ساد هاتووە و كۆمەڵێك هەقیقەتی سەبارەت بە ئارەزوو وتووە، پاشان فرۆید پاش ساد هاتووە و كۆمەڵێك هەقیقەتی تری باس كردووە. جارێكی تر دووپاتی دەكەمەوە ساد هەقیقەتی سەبارەت بە ئارەزوو نەوتووە؛ بەڵكوو ئەمیانی لەسەر ئەو ئارەزوو یان هەقیقەت دووپات كردووەتەوە.

دووەم مۆدێل كە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ساد خۆمانی لێ دوور بخەینەوە، مۆدێلی ماركوزەییە[49]. دەتوانین بڵێین كە بۆ ماركوزە، لەنێو گوتارێكی ڕاستەقینە مەسەلەكە ڕزگاربوونی ئارەزووە لە هەموو ئەو بەربەستانەی تێی كەوتووە. مرۆڤی ماركوزەیی، ئەو مرۆڤەیە كە دەڵێت: ئەو ئیشەی كە تاوەكوو ئێستا من بە هەستكردن بە تاوانەوە كردوومە، ئێستا دەزانم كە ئەمانە تاوان نین و، ئەم وەهمانەم ئێستا لەناو چووە و دەتوانم بێ هیچ تاوانێك ئەو ئیشانە بكەم، واتە بە دڵخۆشییەوە ئەو شتانە بكەم كە لەنێو هەستكردن بە تاواندا كردوومە؛ یاخود دەتوانم (ئەو شتەی كە باشتر بێت بۆ ماركوزە) ئەم شتە نەكەم، چونكە چێژی

[49] مەبەست هێربێرت ماكوزەی فەیلەسووفە.

سزادانی خۆم لە ڕێگای هەستکردن بە تاوانەوە بوونی نییە. یان بەم شێوەیە کە من هەموو ئیشەکانی بەبێ هەستکردن بە تاوان دەکەم و چیتر هیچ ناکەم، کۆمەڵێکی دیاریکراو شت هەیە کە چیتر نایانکەم چونکە چیتر چێژی هەست بە تاوانباربوون و شتی ترم نییە، من ئەم شتانە بەبێ تاوانی دەکەم، بێ هیچ هەستکردنێک بە بێتاوانی، واتە بەوپەڕی بەختەوەرییەوە. بە پێچەوانەوە، مرۆڤی ساد وەها قسە ناکات. ناڵێت: لە هەموو ئەو بەربەستانە ڕزگارمان بکەن کە ئارەزوویان سنووردار کردووە. مرۆڤی ساد دەڵێت: دەزانم کە نابێت عەزاب ویژدانم هەبێت، بەڵام مەترسییەکی گەورەیە بۆ من. ئەگەر بێت و من عەزاب ویژدانم نەبێت، ئایا هێشتا دەتوانم لە تاوانکردندا چێژ وەرگرم؟ ئەگەر بێت و چیتر هیچ عەزاب ویژدانێکم نەبێت، ئایا ئەو تاوانە بوونی دەبێت کە لە کاتی کردنیدا بتوانم ئەوپەڕی چێژ وەرگرم؟ هەر بۆیە دەبێت لوتکەی چێژ لە خراپترین تاوانەکاندا ئەزموون بکەم. لە ئەنجامدا، بۆ ساد لە جیاوازی لەگەڵ مارکوزەدا، پەیوەندی نێوان هەقیقەت و ئارەزوو لەنێو هەستکردن بە بێتاوانیدا بەدی نایەت، یاخود لەنێو سڕینەوەی هەست بە تاوانکردندا، ئەم شتانە لەنێو نەزمێکدا

بەدی نایەت. پەیوەندی نێوان هەقیقەت و ئارەزوو لای ساد لەنێو تاوانێکدا کە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت و لەنێو بێ نەزمییەکی بەردەوامدا جێبەجێ نابێت. پێم وایە دەبێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە هزری ساد پەیوەندی لەگەڵ چیدا و لەسەر چ بنەمایەکە ببێن و لە فرۆید و مارکوزە تێ بگەین و پەیوەندی هەرکامەیان بگەڕێنینەوە بۆ سەر ئەوی تریان، تاوەکوو ببێن مۆدێلی فرۆید و مارکوزە بسەپێنین بەسەر دەقەکانی 'ساد'دا. ساد کەسێکە کە بە شێوەیەکی ڕاشکاو ئارەزووی لە ملکەچبوون بۆ هەقیقەت ڕزگار کرد واتە ئەو شتەی کە ئێمە بەردەوام لەنێو شارستانیەتدا تێی کەوتووین. ساد لە ڕاستیدا کەسێکە کە بۆ بینا مەزنە ئەفلاتونییەکە کە ئارەزووی لەژێر دەسەڵاتی هەقیقەتدا دەبینی، ڕۆڵەکەی گۆڕی و توانی ئارەزوو و هەقیقەت ڕووبەڕووی یەکتر بکاتەوە و هەرکامەیان لە هەناوی هەمان ستووندا بەدی کرد. ساد ئەو کەسەیە کە بە شێوەیەکی ڕاشکاو ئارەزووی لە پەیوەندی لەگەڵ هەقیقەتدا ڕزگار کرد؛ ئەمە بەو واتایە نایەت کە ساد بڵێت: «دواجار، هەقیقەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئارەزوودا چ گرنگییەکی هەیە؟» ساد ئەو کەسەیە کە دەڵێت: «هەقیقەت و ئارەزوو

نە پەیوەستی یەکتر و نە لە یەکیش جیا دەکرێنەوە »، ساد، ئەو کەسەیە کە دەڵێت: «ئارەزوو تەنیا لەنێو هەقیقەتدا سنووردارە، هەقیقەتیش تەنیا لەنێو ئارەزوودا جووڵەی تێ دەکەوێت»، ئەمە بەو واتایە نایەت کە هەموو شتێک لەژێر فۆرمی بەختەوەریدا و ئارامییەکی بەدیهاتوودا دەبێت و، ئارەزوو و هەقیقەت دەبنە دروستکەری فیگۆرێکی یەکلاکەرەوە. بەڵکوو بەو واتەیە دێت کە ئارەزوو و هەقیقەت بە شێوەیەکی ناکۆتا لەنێو درەوشاوەییەکدا، لەنێو بەردەوامییەکی ناکۆتای ئارەزوودا پەرە دەسێنن و فراوان دەبن.

**سەرچاوە:**

Foucault , Michel, La grande étrangère: à propos de littérature, Les Éditions de l'EHESS, paris, 2013, pp.145–173.

